# کتێب، کتێبخانە، کتێبفرۆشی و چاپخانە لە بۆکان
# -مێژوولکەیەک-

ئەنوەر سوڵتانی
٢٠٢١/١٠/١٩

## پێرست:

دەروازەی باس ........................................................................ 4
کورد و نووسین ........................................................................ 7
بەشی یەکەم، فێرگەی نوێباو (فەرمی) .................................................. 12
فێرگە لە بۆکان ........................................................................ 20
بەشی دووەم، کتێب و کتێبخانە لە بۆکان ................................................ 25
بەشی سێهەم، کتێبفرۆشی لە بۆکان ..................................................... 32
کتێبفرۆشییەکانی بۆکان لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ ........................................... 38
بەشی چوارەم، چاپخانە ................................................................ 40
بنکەی چاپەمەنی و چاپخانە لە بۆکان- ................................................. 43
بنکەکانی چاپی کتێب و ڕۆژنامە لە ئەمڕۆی بۆکاندا .................................... 46
بەڵگەکان: ............................................................................ 47

ئەم وتارە هەنگاوێکی سەرەتاییە لە پێناو نووسینی مێژووی خوێندن و نووسین و کتێب لە بۆکان- وەک بەشێک لە نیشتمانی کورد؛ بەهیوای ئەوەی خەڵکانی شارەزا لە ناوخۆی وڵات پەرەی پێبدەن و ناتەواوییە زۆرەکانی تەواو بکەن، لە دوورەوڵاتیدا، سەرەڕای یارمەتیی زۆری دۆستان، توانیم هەر ئەوەندە لە بابەتەکە بچمە پێشەوە. لێرەدا سپاسی زیاد لە ٨-٩ کەس لە دۆستانی خۆشەویستم دەکەم کە بەشێک لەو هەواڵانە ئەوان پێیانداوم و پێیدا چوونەتەوە و ڕێک وپێکیان کردووە؛ مەمنوونی هەموویانم،

لێرەدا بۆ چەمکی "خوێندنگە" کەڵک لە سێ تێرمی جیاواز وەرگیراوە کە لە واتادا هاوشێوەی یەکترن بەڵام بۆ ئاڵۆزنەبوونی هەودای باسەکە، هەرکامیان لە چوارچێوەیەکی مێژوویی- زمانەوانی تایبەت بەخۆیان دانراون:

فێرگە یان مەدرەسە، ئەو شوێنانەن وا حکوومەتە سێکیولارەکان لە سەدەی نۆزدە بەدواوە، لە شار و گوندەکانی عوسمانی و ئێران دایاننراون، وەزارەتخانەیەک بەناوی پەروەردە سەرپەرشتیی بەڕێوەبردن و دانانی بەرنامە دەرسییەکانیان دەکات و تێچووشییان بەگشتی حکوومەت دابینی دەکات، هەر بەگشتیش کتێبەکانییان لە شارەکانی کوردستاندا بەزمانێکی غەیرە کوردی، واتە تورکی، فارسی یان عەرەبین، تەنانەت ئەگەر مامۆستاکەیان بە کوردیش بدوێ.

قوتابخانە یا مەکتەبخانە، ئەو شوێنانەن وا خوێندەوارێکی نەریتی بە بێ چاوەدێریی مزگەوت یان حکوومەت، لە ماڵی خۆیدا دەرس بە گرووپێکی بچووکی منداڵان دەڵێتەوە و

*ئێستا دوای کرانەوەی فێرگە فەرمییەکان، زیاتر لە ماوەی هاویندا بەڕێوە دەچن.*[1]

*<u>حوجرەی فەقێیان،</u> ئەو شوێنانەن وا لە ژێر چاوەدێریی مزگەوت و مەلا و دەرسبێژی ئایینیدا بەڕێوە دەبرێن و بەگشتی فەقێ دەرسیان تێدا دەخوێنن. لە حوجرەکاندا زمانی عەرەبی زمانی پیرۆزە، بەڵام فەقێیان نامیلکەی 'ڕۆڵە بزانە' و 'نصاب الصبیان'ی کوردی و کتێبی گوڵستانی سەعدییش بە فارسی دەخوێنن. حوجرەی فەقێیان 'مەکتەب'یشی پێ گوتراوە.*

---

[1] . لەوێشدا زمانی کوردی، زمانی زاڵ نییە لەبەر ئەوەی کتێبەکان بە کوردی نین، (هاوکێشەکە لە باشووری کوردستان هەندێک جیاوازە و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە کوردی زمانی خوێندنە).

## دەروازەی باس

مێژووی خەت و نووسین، ئەوەندەی زانرابێت، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٥٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا و دەگوترێ لە سومەری نێوچۆمان و میسری سەر ڕووباری نیل سەری هەڵداوە، ئینجا دەبێ لەوێوە پەرەی سەندبێت بۆ شارستانیەتە کۆنەکانی ئاکەد و عیلام و ئاشوور و ئورارتو، بەڵام دەستنیشانکردنی ساڵ و سەدە بۆ سەرهەڵدانی خوێندن و نووسین لە شار و ناوچەیەکی دیاریکراوی ئەمڕۆ، کارێکی ئەستەم و نەگونجاوە.[2]

ئەوەی کە سەرچاوەکانی بەردەست پێمان دەڵێن، هەندێک بابەتی گشتین سەبارەت بە دەستپێشخەری بۆ خەت و نووسین لە سومەر (٣٥٠٠ساڵ پێش زایین) و یەکەم کتێبخانەی دۆزراوەش تا ئەمڕۆ، کتێبخانەی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییەکانە (١٩٠٠ تا ٦٠٠ پ.ز). شاهان و ئەدیبان و خوێندەوارانی ئاشوور فەرمان و یادداشت و بەرهەمی فیکریی خۆیان لەسەر تەتەڵەی قوڕین

---

[2] . ئەگەر نیشانە و هێمای فۆرمێک بنەما و سەرەتای خەت و پێوەندیگرتن (کۆمۆنیکاسیۆن)ی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر بێت، ئەوە دوازدە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە نێوچۆمان، ڕێک لەو شوێنەی کە ئەمڕۆ دەبێتە ڕۆژئاوای کوردستان، سەدان خشت دۆزراوەتەوە کە نیشانەی هەمەجۆری لەسەرە کە بە یەکەم نیشانەی ئەلفبێ مەزەندە دەکرێن. ئەم زانیاریانە لە تابلۆیەکی مەزن بەگەورەیی درگایەک لە موزەخانەی کامپیۆتێر لە شاری پادابۆرن لە سەرەتای موزەخانەکە هەڵواسراوە. زانیاری لەو چەشنە لە شوێنی دیکەشدا هاتووە.

دەنووسی و لە شوێنێکی تایبەتدا، وەک سەرەتاییترین کتێبخانەی مرۆڤایەتی، هەڵیاندەگرتن، ئینجا کاتێ مێدییەکان (دەوروبەری ٦٧٨ تا ٥٥٠ پ. ز) بەهاوکاریی حکوومەتی ئاکەد[3]، نەینەوای پێتەختی ئەوانیان داگیر کرد و ئاگریان تێبەردا (٦١٢ پ.ز)، بەشێک لەو تەتەڵە قوڕینانە لە ئاگرەکەدا سووربوونەوە و بوون بە خشتی سوور، لە ئەنجامدا توانای مانەوە و تەمەندرێژییان پەیدا کرد بەشێوەیەک کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بەختی ئەوەی هەیە بەگوێرەی زانستی ئاشوورناسی و خوێندنەوەی خەتە بزمارییەکەیان، لە ناوەڕۆکی نووسراوەکانی ئاشوور سەبارەت بە هەندێک ڕووداوی ڕۆژانە و بەشێکیش ئوستوورە و ئەفسانەی سەردەمانی زووتر تێبگات و وەریانگێڕێتە سەر زمانە ئەمڕۆییەکان.[4]

هەر لە ڕێگەی ئەو تەتەڵە قوڕینانەوەیە کە ئێمە دەزانین ئاشوورییەکانی خاوەن بیر و زانست و ئەدەب و شیعر، دانەری حەماسەی شیعریی "گیلگەمیش" بوون کە ١٨٠٠ ساڵ پ.ز هۆنراوەتەوە و ئەمڕۆ بە یەکەم چیرۆکەشیعری دانراوی مرۆڤ دەزانرێت؛ سەمەرە نابێت ئەگەر بزانین ئاشوور و بابیلییەکان دیاردەی "خەت و نووسین"یيان

---

[3] جێگرانی شارستانیەتی سومەر لە ٢٥٠٠ ساڵێک پ.ز دا.

[4] مێژووی زانستی ئاشوورناسی لە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئاڵمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم. ئەو تەتەڵانەی لە سەرەوە باسیان کرا، ئێستا لە مووزەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا دەبینرێن و دڵنیا نیم ئایا لەعیراقیشدا ماون یان نا، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ یان ١٩ لە پیشانگەیەکی سەبارەت بە ئاشووربانیپاڵ لە بریتیش میوزیومی لەندەن، چاوم بە بەشێکیان کەوت.

ئەوەندە بۆ گرنگ بووە کە خودایەکیان بۆی تەرخان کردبوو-خودای "نابو".[5]

[5] Nabu

## کورد و نووسین

ئەگەر کەسێک بیەوێ هەوڵی دۆزینەوەی سەرەهەودای زمانی باپیرانی کورد یان ئازەربایجانی لە ڕێگەی تەتەڵە و بەردەنووسی کۆن و کتێبی نووسراوەوە بدات، تووشی گرفتی زۆر دەبێت، لەبەر ئەوەی حکوومەتیماننا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجان (هەزارەی یەکەمی پ. ز) و یەکەم حکوومەتی یەکگرتووی هۆزەکانی هەمان ناوچە، کە حکوومەتی ماد بێت، بەداخەوە تا ئەمڕۆ خەت و نووسراوێکیان لێ بەجێ نەماوە کە ببێتە کلیلی کردنەوەی قفڵی تایبەتمەندیی زمانەکەیان. ئەوەش دیاردەیەکی سەمەرەیە لەبەر ئەوەی شارستانیەتی عیلام لە باشوور و هەخامەنشی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوان، چەند بەردەنووسیان گەیشتۆتە دەستی ئێمە کە بە خەتی بزماری نووسراون و جێگەی گومانێکی بەهێزە بۆچی دەبێ زنجیرەی خەت و نووسینی مرۆڤ لەو بڕگەیەی مێژووی ئەواندا پسابێت، ئینجا ڕاست دوای ئەوان سەرلەنوێ هەڵبەسترابێتەوە! ئایا ئەوان تاقە دوو دانیشتووی گرنگی ناوچەکەن کە خەت و نووسینیان نییە؟ ئەگەر وایە بۆچی؟

ئەمڕۆ بەڵگەی زۆری نووسراو لە عیلامییەکانی پێش ئەوان (٣٢٠٠ تا ٥٣٩ ساڵ پ. ز) و هەخامەنیشییەکانی دوای ئەوان (٥٥٠ تا ٣٣٠ پ. ز) بەدەستەوەن، بۆ نموونە، تەتەڵەکانی ناوچەی شووش لە عیلام، یا ئوستوانەی پەیوەندیدار بە کۆرشی یەکەم (٥٣٩ پ. ز) لە بابێل و

بەردەنووسی داریووشی یەکەم لە بێستوون (٥٢٠ پ. ز)[6]، بەڵام حاشا لە بەردەنووسێک و دێڕێکی ماننایی و مادی کە ئێمە لە ڕێگەی ئەوانەوە بتوانین زمان و خەتیان بناسین. ئەوە ئەگەر ناتەواویی زانستی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی نەبێت، دەبێ فێڵبازییەکی سیاسی- زانستی بێت بۆ سەرلێشێوانێکی ئامانجدار و لە هەردوو حاڵەتدا، پرسێکی گرنگی مێژووییە کە دەبێ لە داهاتوودا وەڵامی بۆ بدۆزرێتەوە. هەمووکەس بە مەنتیقێکی سالم دەتوانێ بپرسێ ئەگەر ئاشوور و ئورارتو و عیلام و ئاکەد و بابێل و سومەری هاوسەردەم و پێش ماد، یان هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانیی دوای ئەوان، خەت و نووسینیان بووبێت، بۆچی دەبێ مادەکان- کە ڕادەی کاری هونەری وەک پەیکەرتاشی و دروستکردنی بینایەی بەردینیان گەلێک بەرز بووە، لە ماوەی ١٦٥ ساڵی ئیمپراتۆریەتی خۆیاندا لانیکەم نووسین لە دراوسێکانیان فێر نەبوون، یان شایەکی زێدەخوازی وەک هوەخشەتەرە، کە لە ساڵانی نێوان ٦٢٥ و ٥٨٤ پ. ز دا، حوکمی ئیمپراتۆریەتی مادی کردووە، سەکا و ئاشووری تێکشکاندووە و خاکیانی داگیر کردووە، بۆچی دەبێ بە ڕەسمی سەردەم، شەرحی ئەو فتووحاتەی خۆی لە لووتکەی چیایەک تۆمار نەکردبێت یان لەسەر تەتەڵەیەک بە نووسینی نەدابێت، لە کاتێکدا شاهانی ئاشوور و ئورارتوو هەر شار و ناوچەیەکیان داگیر کردبێت، شەرحی داگیرکاریی خۆیان لەسەر تاشەبەردێک

---

[6] بەردنووسی بێستوون لەسەر چیای "پەراو"ی نزیک شاری هەرسینی کرماشان تا ئێستا گەورەترین بەردنووسی دۆزراوەی جیهانە.

یان بەرزایی چیایەکی ناوچەکە نووسیوە کە بەردەنووسی بێستوون و تەرەغە و قەڵایچی دەوروبەری بۆکان سێ نموونەی بەرچاوی ئەوەن. هەندێک لێکۆڵەر[7] ئاماژە بە دوژمنایەتییەکی قووڵی کۆرش و حکوومەتی هەخامەنشی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ماد دەکەن کە بەگوێرەی بەردنووسی بێستوون، پێستی حاکمانی مادیان گرووە.[8] بەڵام ئایا دوژمنایەتییەکی ئەوتۆ دەتوانێ هۆکار بێت بۆ فەوتان و نەمانی هەموو شوێنەوارێکی نووسراوی مادی وماننایی لە پانتایی خاکەکەیاندا؟ بە باوەڕی من، نا!

هەرچۆنێک بێت، ئێستا کە بەردەنووس و بەڵگە کۆنەکان یارمەتیمان نادەن و هیچ نووسراوێکی ئایینی و سیاسیی سەردەمانی کۆنیش بەدەستەوە نین کە بنەمای مێژوویی زمانی ئێستای کورد بسەلمێنن، واهەیە تا ڕوونبوونەوەی

---

[7] بۆ نموونە، د. قوتبەدین سادقی لە وتاریکی خۆیدا، باوەکوو نەچۆتە سەر ئەم باسە تایبەتە، بەڵام لە دژایەتی قووڵی هەخامەنیشییەکان دەدوێت لەگەڵ مادەکان و ئەوەی کە ڕوخساری ئاستیاک، دوایین شاهی مادیان لەبەر چاوی خەڵک گۆڕی و کردیان بە زەحاک یان ئەژدیهاکی مارەشان!

https://telegram.me/s/kurdistankurdd?before=406

[8] بۆ ئاگاداریی خوێنەر، بەردەنووسی سێ زمانەی بێستوون کە دەگوترێ بە زمانی عیلامی، ئاکادی و فارسیی کۆن نووسراێت، تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش وا دەزانرا ئەوبەشەی وا ئێستا بە عیلامی دادەنرێت، بەزمانی مادی بێت بەڵام دواتر بۆچوونەکان گۆڕان و مادییەکە بوو بە عیلامی. هەروەها بەردنووسی سەر چیای تەرەغەی نێوان بۆکان و مەهاباد هی ئیشپوینی شای ئورارتوویپەکانە و ئەویش بە خەتی بزماری نووسراوە. بەردنووسی دۆزراوە لە قەڵایچی بۆکانیش بە خەتی ئارامی نووسراوە و بۆچوونی ئەوە هەیە لە شوێنێکی دیکەوە هێنرابێتە ناوچەکە لەبەر ئەوەی خەتی ئارامی هی گەلانی ناوچەی نێوچۆمانە و بەو پێیە هیچکامیان دەراوێک لە مەتەڵی مەزنی چییەتی زمانی ماننایی ڕوون ناکەنەوە.

دەراوە لێڵەکانی مێژوو، مەجبوور بین بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی زمان و دیاریکردنی کۆنترین دەقی بەجێماوی مێژووەکەی خۆمان، پڕوانێتە زمانە هیند و ئوروپاییەکان و کتێبی ئاڤێستا- بەتایبەت بەشە کۆنەکەی واتە گاثاکان، گەرچی دەزانین ئایینی میترایی و پەرستنی ماخوای ئاناهیتا[9] بۆ ماوەی چەند هەزارە، لەناوچەکەدا برەویان بووە و پاشماوەیان لە "کەنگاوەر"ی کرماشان و تەختی سولەیمانی ڕۆژهەڵاتی سەقز و بۆکان ماوەتەوە.
دەرەنگتر لە سەردەمی ئیسلامدا کە زمانی عەرەبی بوو بە زمانی ئایین و زانست و ئەدەبی ناوچەکە، تەنیا سەرچاوەی نووسراو، بەیاز و کەشکۆڵە شیعر و پەراوی مەلا و فەقێی مزگەوتەکانی کوردستان بووە و ئێمە بەشێک لەوانەمان تا ئەمڕۆ بۆ ماوەتەوە[10] . نەبوونی کەیانی نەتەوەیی و کەمایەسی شاری گەورەی وەک بەغدا و ئەستەموڵ و ناوەندی ئایینی گرنگی وەک نەجەف و کەربەلا و مەشهەدی ئەمڕۆ، کە هەرکامێکیان چەند کتێبخانەی گەورەیان تێدایە، هۆکار بوون بۆ بەربڵاویی کتێب و نووسراوی ناو حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان و لەئەنجامدا کورد نەبۆتە خاوەنی کتێبخانەیەکی

---

[9] . ژن-خودا، خودای مێیینە
[10] نۆ بەرگ کتێبی بەناوەرۆکی مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی بەناوی "بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە" کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٨ و ٢٠١١دا لە بەغدا و هەولێر چاپکران، سەرچاوەیەکی بەنرخن بۆ هەڵگرتنی ڕێچکەی ئەو نامیلکە و بەیاز و پەراو و کەشکۆڵانەی وا لە فێرگەی مزگەوتەکانی کوردستاندا نووسراون.
فەقرەقای لای ئیندرقاش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهابادیش، کە دەگوترێ قەبری فەرەوەرتیشی مادی بێت، هیچ خەت و نووسراوەیەکی بەسەرەوە نەبینراوە.

دەوڵەمەندی وەک کتێبخانەی ئایەتوڵلا گوڵپایەگانی و مەرعەشی کە تەنیا لە یەکیاندا زیاد لە ملیۆنێک کتێبی چاپکراو و ٤٢ هەزار دەستنووس هەیە و تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاو لە کتێبی کوردی، یان سەبارەت بە کوردیشیان لەخۆگرتووە![11]

******

هەرچۆنێک بێت، ئەو مێژووە کۆنانە بەجێ دەهێڵین و دەچینەوە سەر باسی کتێب و کتێبخانە لە شاری بۆکان.

لێکۆڵەر بۆ توێژینەوە لە لایەنی فەرهەنگیی سەردەمی نوێ و هاوچەرخ لە بۆکان، ڕووبەڕووی چوار دیاردەی سەرەکی دەبێتەوە، کە هەرکامیان سەربەخۆ و لە عەینی کاتدا پەیوەست بەیەکترن و بەسەریەکەوە دەتوانن پیشاندەری ڕادەی فەرهەنگ و ڕووناکبیریی خەڵکی شار و ناوچەکە بن.

ئەو چوارە بریتیین لە: فێرگە یا مەدرەسەی نوێباو (فەرمی)، کتێبخانە، کتێبفرۆشی و چاپخانە.

ئەم وتارە، بەکورتی، بە هە رچوار بابەتەکەدا دەچێتەوە.

[11] زانیاری من لەو بابەتە تایبەتە، پشتی بە لێکۆڵینەوەیەکی د. مستەفا دیهقان بەستووە کە سەبارەت بە کتێبە کوردییەکانی ناو کتێبخانەی ئایەتوڵڵا گوڵپایەگانی لە قوم بەڕێوەی بردووە.

## بەشی یەکەم، فێرگەی نوێباو (فەرمی)

فێرگە فەرمییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە شوێنی دەرس خوێندنی منداڵان بە پرۆگرامی نوێی شێوازی ئوروپایی و دووربوونیان لە دەسەڵاتی ڕەهای مزگەوت و ئایین، بەگشتی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵداوە. لەو حیساباتەدا شوێنە نەریتییەکانی وەک مەکتەب و حوجرەی فەقێیان یا قوتابخانە بچووکە شەخسییەکان ناگیرێنە بەرچاو. ئەو فێرگانە لە ناوچەکەدا بە "مەدرەسە" ناودەبرێن.[12]

جوولەکە و مەسیحییەکانی کوردستان و ئێران زۆرجاران (بۆ نموونە، لە ورمێ و سنە)، پێشەنگی کردنەوەی فێرگە و خوێندنی دەرەوەی مزگەوت و کلیسا و کنیسە بوون و بەو بۆنەیەوە خزمەتێکی بەرچاوی فەرهەنگییان بە کوردستانیان کردووە. [13] سەمەرەش نییە کە ئەو پێشەنگییەی ئەوان لە بواری کردنەوەی فێرگەی فەرمیدا، هۆکارێک بوویێت بۆ ئەوەی مەلاکانی ئێران، بە

---

[12] . بەپێچەوانەی هەندێک وڵاتی وەک پاکستان کە مەدرەسە لە زمانەکەیاندا هەمان حوجرەی مزگەوتەکانی ئێمەن.

[13] . کتێبی "جوولەکەکانی شاری سلێمانی" نووسینی ڕێبوار حەمە تۆفیق، چاپی ناوەندی ڕۆژبەیانی، سلێمانی[؟] ٢٠١٥، زانیارییەکی زۆری لەسەر لایەنی فەرهەنگیی ژیانی جوولەکەکانی سلێمانی و خەباتیان لەپێناو کردنەوەی فێرگەی نوێباو لە شارەکە، هەروەها لە عیراق بە گشتی، خستۆتە بەرچاو. بۆ نموونە، دەڵێ لە بەغدای ساڵی ١٩٥٠دا، تەنیا ١٩ فێرگەی ئەهلییان هەبووە (لاپەڕە ١١٩).

کوردستانیشەوە، دژ بەو فێرگە نوێباوانە وەستاون و بەناوی داکۆکیکردن لە ئایینی ئیسلام و پاراستنی نەریتی کۆنەوە، تەنانەت لە هەندێک شوێن دەرکیان پێداخستوون یا بەهۆی دەستو پێوەندەکانیانەوە بینایان لێ ڕووخاندوون و سووتاندوویانە. بەڵام سەرەڕای ئەو دژایەتییانە، هەندێک مەلای تێگەیشتوو و خەڵکانی ڕووناکبیری موسوڵمانیش هەبوون کە فێرگەیان سەرەتا بۆ کوڕان و درەنگتر بۆ کچانیش کردۆتەوە.

بۆکانیش لەو ڕەوتە بەدوور نەبووە و لە هەموو ماوەی ٢١ ساڵی نێوان کرانەوەی یەکەم فێرگەی فەرمی لە بۆکان و کۆچی سەرجەم جوولەکەی بۆکان بۆ ئیسرائیلی تازە دامەزراو،[14] کوڕانی موسوڵمان و جوولەکە لە پۆلەکانی فێرگەدا پێکەوە وانەیان خوێندووە و بەشێوەیەکی ئاسایی هاتوچۆی ماڵی یەکتریان کردووە. بۆکان تاک و تەرایەک نەبێت، ماڵە مەسیحی (ئەرمەنی یان ئاسۆری) تێدا نەبووە.

بۆ ئەوەی شوێن و پێگەی شاری بۆکان لە ناوچەکەدا بناسرێت و بتوانرێت بەراوردێکیان لە نێواندا بکرێت، با سەرەتا چاوێکی خێرا بەسەر یەکەم فێرگە فەرمییەکانی شارە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بخشێنین.

- شاری کرماشان لە ساڵی ١٨٦١ەوە بۆتە خاوەنی فێرگە. یەکەم فێرگەکانی کرماشان بریتی بوون لە "محتشمیه"، "علمیه"، "اسلامیه"، "آلیانس"

---

[14] ڕەحمان محەمەدیان، "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا"، بەرگی ٢، چاپی یەکەم، چاپەمەنی کۆڵەپشتی، تاران ١٣٩٤، پەراوێزی ل. ٣٧ تا ٤٧.

(فەڕەنسی)، "ڕشدیە"، "حقوق" و "نصرت".[15] و بەم پێیە، کرماشان یەکەم شاری کوردنشینی ڕۆژهەڵاتە فێرگەی فەرمیی تێدا دامەزرابێت.

- یەکەم فێرگەی شاری سنە، کلدانییە مەسیحییەکان لە ساڵی١٨٩٥دا، بنیاتیان ناوە. دووەم فێرگەش "ئالیانس"ی جوولەکەکان بووە کە ساڵێک دواتر (١٨٩٦) لە گەڕەکی مووسایيەکانی شار کراوەتەوە؛ دوای ئەو، هەر ساڵێک و دوو ساڵ، فێرگەیەکی دیکە کراوەتەوە و بەهۆی دەستتێوەردانی مەلایانی دەمارگیرەوە داخراون یان سووتێنراون. حیکایەتی دوورودرێژی ئەو دواکەوتووییە دەکرێ لەم سەرچاوەیەدا بخوێنرێتەوە.[16]
- یەکەم فێرگە لە ورمێ، موژدەدەرانی کلیسای پرۆتێستانی ئەمریکی لە ساڵی ١٨٣٥ دایانناوە کە تەنیا بۆ چەند کوڕی مەسیحی بووە. دووهەم فێرگەش هەمان ئەو موژدەدەرانە ساڵی ١٨٤٠ بۆ کوڕانی موسوڵمانیان کردۆتەوە. موژدەدەرانی فەڕەنسی، ئینگلیسی و ڕووسی هەروەها بەرپرسانی عوسمانی و ئاڵمانی لە ناوچەکەش

---

[15] ایرج افشار سیستانی، "کرمانشاهان و تمدن دیرینه آن"، جلد اول، چاپ دوم، انتشارات نگارستان، تهران ١٣٨١، ص. ٧٨١.

[16] http://medadrangyeman.blogfa.com/post/2

محمد مردوخ کردستانی، جگە لە دوو 'مدرسه احمدیه و اتحاد'، ناوی مدرسه ممتازیه و نسوانیشی لێ زیاد دەکات؛ پروانە، "مێژووی مەردوخ"، نشر کارنگ ١٣٧٩، لاپەڕە ڕێکەوتی کرانەوەی یەکەم فێرگەی فەرمیی شاری سنەم لە سەرچاوەکانی بەردەستمدا نەدۆزراوەیەوە.

هەر فێرگەیان لە شار و گوندەکانی دەوروبەریدا کردۆتەوە. بەڵام یەکەم فێرگەی نوێی خەڵکی خۆجێیی لە ورمێ، "مدرسە کمالیە" بووە کە "میرزا ابوالفضل حکمت" لە ساڵی ١٩٠٥ دا کردوویەتەوە.[17]

- لە نێوان ساڵانی ١٩١٣-١٤دا، بە دەستپێشخەریی سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ) و هیممەتی ڕووناکبیری کورد عبدالرزاق بدرخان فێرگەیەکی نوێباو بۆ کوڕانی کورد لە شاری "خۆی" کراوەتەوە - گوندی چاری (چەهریق)ی سمکۆش سەر بەو شارە بووە.[18]
- سەبارەت بە مەهاباد، مامۆستا حەسەنی قازی نووسیویە: "لە سابڵاغ، بە پێی زانیاریی "ل. و. فاسۆم" [یەک لە میسیۆنێرە لۆتێرییەکانی شارەکە]، میرزا ڕەحمانی حاجی نەورۆز یەکەم کەس بووە کە لە ماڵەخۆی دەرسخانەی داناوە. هەروەها میسیۆنێرە لۆتێرییەکان خۆیان لە تەواوی ماوەی چالاکییاندا لەوێ (١٩٣٦-١٩١٣)، یەک لە لایەنە سەرەکییەکانی کاریان دانانی فێرگە بۆ شاگردانی کوڕ و کچ بووە.[19]

---

[17] ایرج افشار سیستانی، "نگاهی به آذربایجان غربی"، جلد اول، نشر نسل دانش، تهران ١٣٦٩ [١٩٩٠]، ص. ٥١٠.

[18] محەمەد ساڵح قادری، "عەمەرخانی شکاک لە سەرهەڵدانی سمکۆوە تا کۆماری کوردستان (١٩٠٦-١٩٤٦)"، گۆڕینی لە کرمانجییەوە بۆ سۆرانی، شەهاب خالیدی، ئاکادێمیای کوردی، هەولێر ٢٠٢١، لاپەڕە ٥١.

[19] . ئیمەیلی ڕۆژی ٢٠٢١/١٠/٣ ی مامۆستا حەسەن بۆ نووسەر.

هەرچۆنێک بێت، یەکەم فێرگەی فەرمیی شاری مەهاباد بەناوی "دبستان سعادت" ساڵی ١٩١٥ کراوەتەوە و درەنگتر، مەرحوومی سەیفولقوزات و پێشەوا قازی محەمەد و دوکتۆر محەمەدی موکریش یەک لەدوای یەک، بەڕێوەبەری ئیدارەی فەرهەنگی شارەکە بوون، گەرچی ناوی کەسانیتریش لە نێوان سەردەمی ئەو سێ کەسەدا هەن.[20]

- یەکەم فێرگەی نوێ لە شاری سەقز، ساڵی دانرانی ڕوون نییە بەڵام گوایە شێخ ڕەئووفی زیایی و مەلا جەلالی امین الشرع (دواتر سەرهەنگ زاگرۆس) دایاناوە. [21] دواتر لە ساڵی ١٩١٩، صدرالعلمای موفتی یەکەم هەنگاوەکانی بۆ چوونی منداڵان بۆ فێرگە هەڵێناوەتەوە و ساڵی ١٩٢٢ ، یەکەم مەدرەسە بەناوی "احمدیه" لە شارەکەدا کراوەتەوە.[22]

---

[20] سید محمد صمدی، "نگاهی به تاریخ مهاباد"، انتشارات رهرو، مهاباد ١٣٧٣ [١٩٩٤]، ص ٤٠٠. نووسەر لە کتێبەکەدا جگە لە ناساندنی ڕەوتی دوورودرێژی فێرکردن و بارهێنانی شارەکە، هەوڵیداوە قۆناغی پێشتری خوێندن لە حوجرەی مزگەوتی سوور و مزگەوتەکانی دیکەش ڕوون بکاتەوە و لە ئەنجامدا، دەراوێکی بۆ ڕوانین بە مێژووی خوێندن لە شاری مەهابادا ڕوون کردۆتەوە. سەدبریا بۆ شارەکانی دیکەشمان کاری هاوشێوە دەکرا.
هەروەها، ابراهیم افخمی، "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان-مهاباد و سردشت و اشنویه"، ناشر محمدی سقز، چاپ اول چهر تبریز ١٣٧٣ [١٩٩٤].ص ٣٩ به بعد.

[21] عمر فاروقی"نظری به تاریخ و فرهنگ سقز کردستان"، جلد ٢، چاپ اول، ناشر مولف، سقز ١٣٧٤ [١٩٩٦]، ص٦٤].

[22] . ڕوانە وێبلاگی "کردستان شیرین" لە سەر ئەم ئەدرەسە: http://ezarta-saghez.blogfa.com/post/8

- یەکەم فێرگەی فەرمیی کوڕانەی شاری بانە بەناوی "پەهلەوی"، ساڵی ١٩٢٩ کراوەتەوە، فێرگەی کچانەی "فارابی" چوار ساڵێک درەنگتر لە ١٩٣٣دا، دانراوە.[23]
- ئیدارەی فەرهەنگی شاری بیجاڕ ساڵی ١٢٩١(١٩١٢) کراوەتەوە و دەبێ یەکەم فێرگەش هەر لەو ساڵەدا دانرابێت. ئەو یەکەم فێرگەیە وێدەچێ ناوی "اتحاد" و هی جوولەکەکانی ناو شارەکە بووبێت.[24]
- شاری میاندواو لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢١ەوە بۆتە خاوەنی فێرگەی فەرمیی کوڕانە و ١٣ ساڵ دواتر، فێرگەی کچانە لە شارەکە دامەزراوە.[25]
- شاری سایین قەڵا (شاهین دژ)، کە لە ساڵی ١٣٣٩ [١٩٦٠]بەدواوە لە مەراغە جیاکراوەتەوە و بە میاندواوەوە لکێنراوە، ساڵی ١٩١٧، بۆتە خاوەنی یەکەم فێرگەی کوڕان بە ناوی "سعادت" و لە ١٩٤٠، یەکەم فێرگەی کچانی بە ناوی "ابن سینا" تێدا کراوەتەوە.[26]
- شاری تیکاب (تیکانتەپەی هەوشار)، لەڕۆژی ١٣٢٠/١٢/١٩ [١٩٤٢]دا، لە مەهاباد جیاکراوەتەوە

---

[23] محمد رئوف توکلی، "جغرافیا و تاریخ بانه کردستان"، چاپ دوم، ناشر مولف، جا؟١٣٦٣ [١٩٨٤]، ص. ٥٦.
هەروەها: https://fa.wikipedia.org/wiki/
[24] بڕوانە: http://kurdtoday.ir/news/36950/ .
[25] جمشید محبوبی، "نگاهی به تاریخ و جغرافیای میاندوآب"، چاپ اول، ناشر مولف (با همکاری انتشارات پروین)، جا؟ ١٣٧٠ [١٩٩١]صص ٢٨٩ به بعد.
[26] جمشید محبوبی، هەمان، صص ٣١٧ تا ٣١٩.

و خراوەتە سەر شاری مەراغە، ئینجا هەمان ساڵی ١٩٤٢بە میاندواوەوە لکێنراوە. یەکەم فێرگەی فەرمیی کوڕانی تیکاب ساڵی ١٩٤٨، کراوەتەوە.[27]

- بەداخەوە لە سەرچاوەکانی بەردەستمدا زانیارییەکی ئەوتۆم سەبارەت بە یەکەم فێرگەکانی شاری شنۆ، خانێ، مەریوان، کامیاران، قوروە، دیواندەرە و ناوچەی هەورامان دەست نەکەوت بەڵام بەشێک لە لێکۆڵینەوەی 'محسن بهشتی سرشت' و 'فوزیه جوانمردی' بە فارسی (وضعیت مدارس نوین در کردستان ایران در سالهای ١٢٩٩ تا ١٣٢٠ ش)، کە لەسەر ئینترنێت دەستدەکەوێت، یارمەتییەکی باشی کارەکەی منی دا و لە پەراوێزدا پەرەگرافێکی ڕادەگوێزم، بەڵام بەشەکانی دیکەشی دەتوانن ڕوونکەرەوەی هەندێک لەو بابەتانە بن کە من لێرەدا ئاماژەم پێکردوون.[28]

---

27 جمشید محبوبی، هەمان، ص. ٣٤٣.

28 . مدارس نواحی دیگر [غیر از سنندج و سقز]:

1- دبستان پهلوی بانه که در سال توسط حسین اردلان تأسیس شد و در سال ١٣٠٥ دولتی شد و شش کلاس داشت؛ ٢- دبستان مختلط بانه که در ١٣١٥ تأسیس شد و دو کلاس داشت؛ ٣- دبستان حافظ قروه که در ١٣٠٣ تأسیس شد و چهار کلاس داشت؛ ٤- دبستان منوچهری سردشت که شش کلاس داشت؛ ٥- دبستان فرخی مریوان که پنج کلاس داشت؛ ٦- دبستان مولوی دزلی که چهار کلاس داشت؛ ٧- دبستان رودکی رزآب که چهار کلاس داشت؛ ٨- دبستان الفت نودشه که در ١٣١٤ تأسیس شد و چهار کلاس داشت؛ ٩- دبستان غزالی نوسود که چهار کلاس داشت؛ ١٠- دبستان سعدی پاوه که چهار کلاس داشت؛ ١١- دبستان فردوسی دیواندره که چهار کلاس داشت؛ ١٢- دبستان رونق جوانرود که چهار کلاس داشت؛ ١٣- دبستان بیساران که چهار کلاس داشت؛ ١٤- دبستان روانسر که دو کلاس داشت؛ ١٥- دبستان هانی گرمله که در ١٣١٥ تأسیس شد و دو کلاس داشت؛. ١٦- دبستان سنایی اوباتو که در ١٣١٥ تأسیس شد و چهار کلاس داشت؛ ١٧- دبستان خاقانی سریشآباد که چهار کلاس داشت؛ ١٨- دبستان

سەبارەت بەو زانیارییانە پێویستە ئاماژە بە دۆخی شاری سەردەشت بکرێت کە لە ڕابردوودا بەشێک بووە لە ئوستانی کوردستان و پاشان خراوەتە سەر ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا.
هەروەها جێگەی سەرنجە کە ئەو فێرگانەی وا لە سەردەمی پەهلەویدا لە شار و گوندەکانی کوردستان دانران، هەندێک ناوی نامۆی فارسییان لەسەر دانراوە و حاشا لە یەکیان ناوی کەسایەتییەکی کورد و خۆجێیی یان ناسیاوی گوێی خوێندکارانی کوردی پێدرابێت! بۆنموونە، ڕوودەکی خەڵکی سەمەرقەند، مەنوچیهری خەڵکی دامغان، فەروخی خەڵکی سیستان، سەنایی گەڵکی غەزنەی ئەفغانستان، سەعدی و حافز خەڵکی شیراز، فیردەوسی خەڵکی تووسی نیشابوور، و مەولەوی خەڵکی بەڵخ بوون ئەوە کۆلۆنیالیزمێکی ئاشکرا نەبێت چی دیکەیە؟[29]

---

حسین آباد که دو کلاس داشت؛ ۱۹- دبستان عنصری دزج که چهار کلاس داشت؛ ۲۰- دبستان انوری رمشت که چهار کلاس داشت؛ ۲۱- دبستان صلوات آباد که چهار کلاس داشت (سالنامۀ معارف کردستان، ص۲۸-۲۹). مدارس دیگری نیز برای روستاهای برخی بلوکات تأسیس شد که ازجملۀ آنها میتوان به مدرسۀ طای، مدرسۀ سراب قحط ، مدرسۀ دهگلان، مدرسۀ رزاو و مدرسۀ کامیاران اشاره کرد)مردوخ کردستانی،ص۲۸۷.

بڕوانە:
http://journals.medilam.ac.ir/files/site1/rds_journals/674/article-674-640043.pdf

[29] . من ئەو ناوانەم تەنیا لە لاپەڕە هەشتی هەر ئەو لێکۆڵینەوەیە وەرگرت کە سەرەوەتر ئاماژەم پێکرد و ئێوەش لێرەدا دەیبینن. پروانە پەراوێزی سەرەوە.

## فێرگە لە بۆکان

بۆکان لە ماوەی خاوەنایەتی سەردارەکاندا (عەزیزخان، سەیفەدینخان، حەمە حوسێنخان و عەلیخان، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم تا بیست ساڵێکی یەکەمی سەدەی بیستەم)، هەروەها ئەو ماوەیەی وا بنەماڵەی پەناهی خەڵکی تەورێز خاوەنایەتییان دەکرد، واتە پێش ئەوەی پەناهییەکان ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٤) بۆکانیان بە بنەماڵەی ئێلخانیزادە فرۆشت، لە دابەشکردنی ناوچەکانی ئێراندا بە "گوند" ناوبراوە و هەروەک گوندیش مامەڵەی لەگەڵ کراوە، واتە "دیهبان" (موختار)ی هەبووە. ئینجا بە یەکدوو ساڵێک پێش ئەو فرۆشتنە، بۆتە "بەخش" (ناحیە) و ئیدارەی بەخشداریی تێدا دامەزراوە.[30] بەوپێیە دەزانرێت کە کرانەوەی فێرگەی فەرمیش لەوێدا نابێ مێژوویەکی دوورودرێژی هەبێت.

گەرچی پێشتر هەندێک مەلا و خوێندەوار هەبوون کە لە ماڵی خۆیاندا "قوتابخانە"یان بووە و خوێندن و نووسینی فارسییان فێری منداڵی کوڕ و هەندێکجار کچی شارەکە، کردووە.

---

[30] ڕەحمان محەمەدیان، هەمان، بەرگی ١، لل ٢١ تا ٢٤؛ هەروەها ئەنوەر سوڵتانی، بۆکان لە مێژوودا، بەشی ١، لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان، بەشی نووسەران، بابەتی "بۆکان لە مێژوودا". ڕوانە:

www.bokan.de

بەگوێرەی زانیاریی من، ناوبەدەرەوەترین قوتابخانە بەو شێوازە، لە ماڵ و باغی نەمر "مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی" دامەزراوە کە بەگشتی لە بۆکان بە ناسناوی "مامۆستا" دەناسرا. ماڵی مامۆستا لە گەڕەکی حەمامی کۆن هەڵکەوتبوو و پشتی بە حەوشی ماڵی قازی کاکەحەمەی قزڵجییەوە دابوو. پرۆسەی خوێندنی منداڵان بەدرێژایی ساڵ لە ماڵی ئەوان بەڕێوە دەچوو؛ بەڵام هاوینان مامۆستا قوتابییەکانی دەناردە باغەکەی خۆی کە هەندێک خوارەوەتر، ڕاست لە لای سەرەوەی ئاشی خانم هەڵکەوتبوو و هەندێک داری بەری وەک سێو و قەیسی تێدابوو. ئەو خوێندنی هاوینانە، تەنانەت تا ماوەیەکی زۆر دوای دامەزرانی فێرگەی فەرمیش هەر درێژەی هەبوو و دایک و باوکان بۆ ئەوەی، بە بۆچوونی خۆیان، منداڵەکان لە هاویناندا "بەڕەڵڵا" نەبن و لە کۆڵاندا نەخولێنەوە، دەیانناردنە لای مامۆستا و ئەویش لە هەمان باغەکەی خۆی دەرسی پێدەگوتنەوە.[31]

درەنگتر، یادی بەخێر بێت، سەیدزادە تووبای کچی مامۆستاش بە هەمان شێوە، لە ماڵی مامۆستادا قوتابخانەی دانا و دەرسی بە کوڕان و کچان دەگوتەوە. ئەویش وەک باوکی بەرێزی خۆی، لە بابەتی فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵاندا گەلێک جیددی و خەمخۆرانە

---

[31] من خۆم چەندساڵان لە قوتابخانەکەی مامۆستا لە ماڵ و باغەکەی خۆیدا وانەم خوێندووە. مامۆستا زوربەی کات لەوێ ئامادە دەبوو، بەڵام لەوێش نەبووایە هەیبەتی خۆی و ترسی شووڵە تەڕەکانی وایکردبوو، کەس ئەو بوێرییەی نەبێت لە شوێنی دابینکراوی خۆی بجووڵێتەوە! یادی ئەو کەسایەتییە پیرۆزە بەخێر بێت و ئەو سیستمە فێرکردنە نامرۆڤانەیە بۆ هەمیشە نەمێنێت! من حیسابی سیستمەکە لە بەڕێوەبەرانی جیاواز دادەنێم.

دەجووڵایەوە. ئەو دوو کەسە و کوڕەگەورەی مامۆستاش واتە سەید عەبدوڵڵای کازمی زیاترین خزمەتیان بە پەروەردەی منداڵانی شارەکە کردووە.
جیا لەوان، لە بڕگەی جیاجیای ساڵانی سەدەی پێشوودا، هەندێک مرۆڤی دڵسۆز و خزمەتگوزاری دیکەش بە هەمان شێوەی غەیرە فەرمی دەرسیان بە منداڵانی شار و گوندەکانی دەوروبەری گوتۆتەوە. ئەوەندەی بیستبێتم، میسری خانمی حەسەنزادە[32] و میرزا عەلی ڕەحیمپوور لە ماڵی حەسەن عەسکەر نزیک ئاشی خانم و کاک عەزیزی حەسەنخاڵی و قادرئاغای حەمیدی و خانمی کچی لە ماڵی خۆیاندا دەرسیان بە منداڵان دەگوتەوە. هەندێک مەلای وەک شێخ ئەحمەدی کەسنەزانی لە دووکان و میرزا ئەسەدوڵڵا غوڵامعەلی لە گوندی "خوڵاماڵی" و شاری بۆکان و مەلا هادی ئەفخەمزادە زیاتر لە گوندی "سەرا"، لە ماڵی خۆیاندا دەرسیان گوتۆتەوە کە ئاگاداری چۆنیەتیی کار و ڕێکەوتی ساڵەکانیان نیم و ناشزانم لە چ ڕادەیەکی سەرەتایی یان بەرزدا دەرسیان گوتبێتەوە.

بەڵام یەکەم فێرگەی فەرمیی بۆکان، ساڵی ١٣٠٧ (١٩٢٨) لە بینایەی قەڵای سەردار، لەسەر گردی مێژوویی ناوەڕاستی شار، کراوەتەوە. بینایەی قەڵا لە لایەن بنەماڵەی ئێلخانیزادە و موهتەدییەوە، کە دوای ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٤) بوونەتە خاوەن مڵکی بۆکان، "بەطور دائم"

[32]. بۆ ناسینی کەسایەتی "میسری خانم" بڕوانە، ڕەحمان محەمەدیان، پێشتر، بەرگی٢، لاپەڕە ١٢٧.

واتە بۆ هەمیشە، پێشکەش بە ئیدارەی فەرهەنگی شارەکە کراوە.[33]
(لەپەیوەندی قەڵا و خویندندا پروانە بەڵگەی ژمارە ١ و ٢ لە کۆتایی ئەم وتارە)
یەکەمین بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان پیاوێکی بەڕێزی ئازەربایجانی بەناوی "میهدی شەیبانی" خەڵکی گوندی سۆغانچی لە دەوروبەری تەورێز بوو[34]، هەر ئەویش لە هەمان ساڵدا یەکەمین فێرگەی فەرمیی کورانی لە بۆکان کردەوە کە ناوی "مدرسە مبارکە شاپور"ی لێنرابوو[35] و یەکەم دەرسبێژیشی ئەو ماموستا شێخ حەسەنی کازمییە بوو کە پێشتر باسی

---

[33] . پروانە دەقی بەڵگەنامەی ژمارە ١ لە کۆتایی ئەم وتارەدا.

[34] . ئەو ئاغای شەیبانییە، هاوسەر و منداڵیشیی هەبوو، کە نەیهێنابوونە بۆکان، لە بۆکان جارێکی دیکە زەماوەندی کرد بەڵام منداڵیان نەبوو. کوڕە گەورەکەی شاعیرێکی ناسراوی ئێرانییە و دوو کوڕیشی ئەودەمەی من لە زیندانی قەسری تاران بووم (ساڵی ١٣٥٣)، لەوێ گیرابوون. ئەو ساڵەی لە ئەراکەوە ڕاگوێزرامە شەهری ڕەی، دەمویست ژوورێک لەتاران بەکرێ بگرم و هاتووچۆی شەهری ڕەی بکەم، شەیبانی و خاڵم، حاجی حەمەڕەشیدی محەمەدیان ژوورێکیان لە نزیک ماڵی شەیبانی لە نزیک مەیدانی فەوزیە لە تاران بۆ بەکرێ گرتم. دواتر چەندجار سەردانی ماڵی شەیبانیم کردبوو و چەند ساڵ دواتریش کە کۆچیدوایی کرد من دیسان لەگەڵ خاڵمدا بەشداریی مەجلیسی سەرەخۆشییەکەیم کرد. خاڵم شاگردی دەورەی یەکەمی کرانەوەی فێرگەی بۆکان بوو و ساڵی ١٩٢٨ ببووە شاگردی ئەو، لە هاتوچۆی تارانیدا سەردانی ماڵەکەیانی دەکرد و ڕێزی لێدەگرتن. ئەویش یادی بەخێر بێت، بۆکانی هەر لەبیر مابوو و جاروبارە ناوی شاگردەکانی خۆی و هەندێک ڕووداوی ئەوساڵانەی دەبردن.

[35] . ناوی فێرگەکە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و سەرۆکایەتی نەمر "حەسەن مودەرسی"دا گۆڕا و بۆ بە "قوتابخانەی کورانی پێشەوا"، بەڵام دوای هەرەسی کۆمار سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر ناوە ئێرانییەکەی.

لێوەکرا، هاوڕێ لەگەڵ عەبدوڵڵابەگی ئەیووبزادە، باوکی کاک ئەیووب ئەیووبزادە و مامی کاک حەسەن ئەیووبزادە (مامۆستا گۆران) و ئەحمەدی فەیزی و حوسەینی کەریمی و عومەری شەفیعی و سەدیقی قزڵجی و چەند کەسی دیکە بوون کە بەداخەوە ناویان نازانم. ئەو کەسانە بێئەوەی بەشداریی دەورە و کۆرسێکی مامۆستاییان بۆ وانە گوتنەوە لە فێرگە نوێیەکە کردبێت، ڕاستەوخۆ لە سیستەمی وانە گوتنەوەی قوتابخانەوە دەهاتنە فێرگە و ئاشکرایە هەمان پێوانە و ستانداردی قوتابخانەی لە فێرگە فەرمییەکەشیان بەڕێوە دەبرد- واتە دارکاری و لێدانی منداڵان "بەپێی فیلان" بوو- بەشێوەیەک کە چەند کەس هەر لە ترسی ئەو دارکارییانە خوێندنیان بەجێهێشت. دیارە سیستەمەکە ئەگەر چوار کەسێکی ئاوا تاراندبێت، چوارسەد و لە درێژەی خۆیدا چوار هەزار کەسی خەڵکی شار و دەوروبەری کردە خوێندەوار و بنەمایەکی وا بەهێزی خوێندەواریی لە شارەکەدا بنیات نا، کە ئەمڕۆ بۆکان لە هیچ بوارێکی پەروەردەدا لە شارەکانی دەوروبەری خۆی دانامێنێ. یادی ئەو پێشەنگە دڵسۆزانە و ئەو مرۆڤە خەمخۆرانە بەخێر بێت! (لە پەیوەندی مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی و عەبدوڵڵابەگی ئەیووب زادەدا، بڕوانە بەڵگەی ژمارە ٣ تا ٦ لە کۆتایی وتارەکە)

هەرچۆنێک بێت،

- **یەکەم فێرگەی فەرمیی کوڕانەی بۆکان بەناوی "مدرسه مبارکه شاپور" ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی (١٩٢٨)، لە قەڵای بۆکان کرایەوە؛**
- **یەکەمین فێرگەی کچانەی بۆکان بەناوی "ایراندخت" ١٩ ساڵ دواتر، لە ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (١٩٤٧)دا، دەستی بە کار کرد؛ و**
- **یەکەم دەبیرستان (قوتابخانەی ناوەندی)ی کوڕانەی بۆکانیش هەمان ساڵی ١٣٢٦ (١٩٤٧)، کرایەوە.**[36]

لە کتێبی مامۆستایان ئیبراهیم ئەفخەمی[37] و ڕەحمان محەمەدیان (پێشتر)، بەتایبەت لە دووەمیاندا لاپەڕەیەکی زۆر تەرخانی بابەتی فەرهەنگ و پەروەردە کراوە.

## بەشی دووەم، کتێب و کتێبخانە لە بۆکان

هیچ نیشانە و بەڵگەیەک بۆ بوونی کتێبخانەیەکی ناسراوی مێژوویی لە بۆکان بەدەستەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک ناوەندێکی ئایینی میترایی و پاشان زەردەشتی و

---

36 . ڕەحمان محەمەدیان، هەمان، پەراوێزی لاپەڕە ٩٤.

37 ابراهیم افخمی، "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان – بۆکان"، ناشر: مولف، مرکز پخش انتشارات محمدی، سقز، ١٣٦٤ [١٩٨٥].

هەڵکەوتنی لە نزیک شاری شیز و ئاورگەی ئازەرگوشنەسب (تەختی سولەیمانی ئێستا)، ئەگەری بوونی پەرستگایەکی گەورەی ئایینی لە دەوروبەری گردی ناوەڕاستی شار، دوور لە باوەڕ نییە بەڵام بەداخەوە هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەو ئەگەرە دوورەدەستە لە سەرچاوەکانی بەردەستدا نابینرێت.
هەروەها مێژووی کەنارای بۆکان و تەنانەت مێژووی سەردەمی نوێشی، بەباشی ڕوون نییە و تۆمار نەکراوە. ئەوەی تا ئێستا بەدەستەوەن هەندێک زانیاریی پچڕپچڕ و بەربڵاوی نێو سەرچاوەی هەمەچەشنەن بەزمانی کوردی و فارسی، کە دەبێ کۆبکرێنەوە، هەڵسەنگێرێن و لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێن. ئەوەی تا ئێستا ڕوونە، بۆکان لە سەدەکانی نێوان ١١ تا ١٤ی مانگیدا، خاوەنی حوجرەی فەقێیان  بووە، کە تێیدا هەندێک کەسایەتی ئایینی و لەوانە، مەلایانی بنەماڵەی قزڵجی لە عەللامەی قزڵجییەوە تا کوڕ و نەوەکانی ئەو، فەقێیان ڕاگرتووە و دەرسیان پێگوتوونەتەوە.
جگە لە هەندێک کتێب و نامیلکەی دانراوی قزڵجییەکان (فرائض و تجوید و...)، فەقێکان خۆیشیان بابەتیان نووسیوە یاخود لەبەر سەرچاوەی دیکە نووسیویاننەتەوە. مامۆستا محەمەدعەلی قەرەداغی لە بەرگەکانی کتێبێکی پڕبایەخی "بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە"، نموونەیەکی زۆری لە کاری ئەو فەقێیانەی حوجرەی مزگەوتی بۆکان و هەندێک گوندی دەوروبەری وەک تورجان، حەمامیان، بورهان، سەرا، سەردەرئاباد، زەنبیل، شەرەفکەند، کەلبەڕەزاخان، قازڵیان، بوغدەکەندی و عەزیزکەند تۆمار کردوون، کە من چەند

ساڵێک پێش ئێستا هەوڵمداوە لە دەقی کۆمەڵەوتاری "بۆکان لە مێژوودا" دەستنیشانیان بکەم.[38]
لە سەردەمی نوێ و ساڵانی سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، هەندێک بەڵگە بەدەستەوەن کە دەریدەخەن بەبۆنەی بوونی زانایانی ئایینی و ئاوەدانیی حوجرەی دەرس و موتاڵای فەقێیانی ئەوانەوە، خوێندن و کتێب و نووسین لە شارەکەدا برەوی زۆری بووە.
کتێب و کتێبخانەش لەو سەردەمانە و پێش کرانەوەی فێرگە فەرمییەکان، پەیوەندیان بە حوجرەی مزگەوت و مەلا و فەقێوە بووە و بەوپێیە، دیاردەیەک بەناوی کتێبخانەی گشتی لە دووسەی سەدەی ڕابردووی بۆکاندا نەناسراوە و ئەگەر بتوانین ئاماژە بە کتێبخانەیەک لە بۆکان بکەین، دەبێ بە کتێبخانەی بچووکی مزگەوتەکان ڕازی بین تا ماوەیەکی گەلێک درەنگتر کە کتێبخانەی بچووکتری فێرگە فەرمییەکان لە ژوورێکی فێرگەکاندا و بۆ کەڵکوەرگرتنی خوێندکارانی خۆیان دادەمەزرێن.
لە ساڵانی سەردەمی نوێدا، بۆکان گەلێک نووسەر و شاعیری پێشکەش بە فەرهەنگی گەلەکەمان کردووە و نووسەران و ئەدیبان و شاعیرانی بۆکانی لە زۆر بواری جیاجیای فەرهەنگی کوردیدا جێپەنجەیان دیارە. سەیرێکی ساکاری بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی

---

[38] بڕوانە سایتی ڕۆژهەڵات – بۆکان، هەمان ئەدرەس. هەروەها خوێنەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ ناوی نووسەر و نامیلکە و کتێبەکانیان لەم شوێنانەی بەرهەمەکەی مامۆستا قەرەداغیدا بدۆزێتەوە: بەرگی ٢، لاپەڕە ١٩، ٢٠، ٢٥، ٣٩، ٤٢، ٥٠، ٧٤ ؛ بەرگی ٣، لاپەڕە ١٢، ١٤ ؛ بەرگی ٤ لاپەڕە ٦، ١٣، ١٤، ١٥، ١٨، ٢١، ٣٠؛ بەرگی ٥ لاپەڕە ٩؛ بەرگی ٧ لاپەڕە ١٢، ١٣، ١٤، ١٧، ٣٠؛ بەرگی ٨ لاپەڕە ٦ و ٨؛ بەرگی ٩ لاپەڕە ٢٢ و ٢٣.

کوردستان و دەرەوەیدا نووسینی کاک جووتیار تەوفیق[39] ئەم ناوانەمان بۆ دەردەخات کە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەوریان هەبووە:

- مەلا محەمەد قزڵجی لە ڕۆژنامەی کورد چاپی ورمێ ۱۹۱۳ - ١٤؛
- مامۆستا حەسەن قزڵجی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەڵاڵە چاپی ساڵی ١٩٤٦ی بۆکان بووە؛
- ڕۆژنامەی کوردستان چاپی ساڵی ١٩٤٧ کە مامۆستایان عەلی گەلاوێژ و ڕەحیمی سەیفی قازی لە شاری باکۆی ئازەربایجانی سۆڤیەتی دەریانکردووە؛
- بڵاوکراوەی "ڕێگا"، کە حەسەنی قزڵجی و غەنی بلووریان لە گوندی سیتەکی سلێمانی بڵاویان کردۆتەوە؛
- ڕۆژنامەی "مەردوم"ی کوردی، وەرگێڕاوی کوردیی بابەتەکانی "روزنامە مردم"ی فارسی ئۆرگانی حزبی توودەی ئێرانی تێدا بڵاو کراوەتەوە و بەسەرپەرشتی مامۆستا حەسەنی قزڵجی لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینی ۱۹۷۹ی ئێراندا لە تاران دەرچووە؛
- بڵاوکراوەی "ڕاستی" ساڵی ۱۹۷۹ ، لە تاران یەکیەتی لاوانی دیموکرات دەریکردووە و مامۆستا حەسەنی قزڵجی سەرپەرشتی کردووە؛

---

[39] چاپی بنکەی ژین، سلێمانی٢٠٠٧.

- گۆڤاری "گرشەی کوردستان" مەلا محەمەد ساڵحی ئیبراهیمی ساڵی ١٩٨٠لە تاران بڵاوی کردۆتەوە؛
- جگە لەوانە، نووسەران و ئەدیبانی بۆکان لە گەلێک ژمارەی ڕۆژنامە کوردییەکانی چاپی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بابەتیان بڵاو کردۆتەوە، لەوانە، ڕۆژنامەی کوهستان، گۆڤاری نیشتمان، ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و...
- دەیان بڵاوە و نامیلکە و چاپکراوی حزبە کوردییەکان، کە ئەندامانی بۆکانی دەوریان تێدا بووە؛
- لە ساڵانێک درەنگتردا، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەت وڵاتانی ئوروپایی ناوی گەلێک نووسەر و شاعیر و لێکۆڵەری کوردیان تۆمار کردووە کە دەبێ لە شوێنێکی دیکەدا بە دوورودرێژی بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە.[40]

## کتێبخانە

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا، بۆ یەکەم جار باس لە کتێبخانەی گشتیی بۆکان دێتە ئاراوە، ئەویش کاتێک کە مەرحوومی حاجی ڕەحماناغای موهتەدی (یەک لە خاوەن مڵکەکانی بۆکان)، ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) دوو

---

[40] . جێی خۆیەتی لەو بوارەدا باس لە ڕۆژنامەی دیواریی فێرگەکانیش بکرێت. من خۆم لە بیرمە ساڵانی ١٣٣٧ و ٣٨ ئێمە لە دەبیرستانی بۆکان ڕۆژنامەی دیوارییمان بە فارسی لە دیوار دەدا. ئەو نەریتە پێش ئێمەش هەبوو و دوای ئێمەش نەپسایەوە.

پارچە زەویی ناوجەرگەی شاری بەخشییە ئیدارەی فەرهەنگ و بەخشداریی بۆکان بۆ ئەوەی لە یەکەمیاندا کتێبخانەیەکی گشتی بۆ شارەکە بنیات بنرێت و دووهەمیان بکرێت بە حوسەینییە بۆ دانیشتووانی شیعەی بۆکان بەمەرجی ئەوەی دەوڵەت لە تاران ئیجازە بدات مزگەوتی سوننیان بکرێتەوە. حوسەینییە دەستبەجێ دروست کرا، بەڵام کتێبخانە نەکرایەوە و حکوومەتی شا لە ترسی ئایەتوڵڵاکانی قوم و مەشهەد مزگەوتی سوننیانیشی لە تاران بنیات نەنا، واتە هەردووکیان بوون بە "مورغی عەنقا و پڵاوی خانەقا!" - ئەو شوێنەی وا بۆ کتێبخانە دیاریکرابوو، لەسەر حەوزەگەورە، ڕووبەڕووی خورێنک و ماڵی مەلا عەلی قزڵجی بوو بەڵام تا بیست ساڵ دواتریش کە من لە بۆکان مابووم، هەروا بێ کەڵک مابووەوە و زیاتر لە کەلەوایەک دەچوو. ئەوەندەی بیستبێتم تا ئەمڕۆش هیچ نیشانەیەک لە کتێبخانە لەو شوێنە بەدەستەوە نییە.

(لەو پەیوەندییەدا بڕوانە بەڵگەی ژمارە ٧ لە کۆتایی وتارەکەدا)

هەندێک بنەماڵەی ئاغاکانی دەوروبەری شاریش کتێبخانەی دەوڵەمەندی شەخسییان هەبوو. ئەوەی زۆر ناوبەدەرەوە بوو، کتێبخانەی عومەرئاغای عەلیار بوو کە نازانم دوای ئەوەی خۆی کۆچیدوایی کرد، چی بەسەر کتێبخانەکەی هات؛ بەڵام هەمووان باسی دەوڵەمەندیی کتێبخانەکە و زانیاریی زۆری خۆی دەکەن. یەک لە ئاغایانی ئێلخانیزادە (وەبزانم سەلیم ئاغای سەردەرابات) هەروەها کەیخوسرەوخانی کەیخوسرەوی لە گوندی یەنگیجە،

خوێنەر و کڕیاری کتێب بوون و لە ماڵەکەیاندا کتێبخانەیان هەبوو. مامۆستا مەلا هادی ئەفخەم زادە گەلێک ئەهلی کتێب خوێندنەوە و نووسین بوو و لە ماڵی خۆی لە گوندی سەرا و دواتر لە شاری بۆکان، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبوو.[41]

دەوروبەری ساڵی ۱۳۵۰، کتێبخانەیەک لە پارکی 'کودک' لە "تاڵوار" ڕووبەڕووی فێرگەی شاپوور ساز کرا. کتێبخانەکە لە ژێر سەرپەرشتیی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی بۆکاندابوو و بەرپرسەکەشی کاک عەزیزی شێرخانی مامۆستای قوتابخانەکانی بۆکان بوو. ئەم کتێبخانەیە ساڵی ۱۳۵۷ لە لایەن "جمعیت دفاع از زحمتکشان کردستان ایران (کۆمەڵە)"وە کرایە مەقەڕ.[42]

لە چەند دەیەی ئەم دواییانەدا کە ژمارەی خوێندەوار و خەڵکانی خاوەن فەرهەنگ گەلێک لە جاران زیاتر بووە و لقی "زانکۆی ئازاد"ی ئێران لە شارەکەدا کراوەتەوە، لایکەم

---

[41] . من لە ساڵی ۱۹۶۳دا ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوهستان" چاپی تارانم لە ماڵەکەی گوندی سەرای مامۆستا چاوپێکەوت و بە ئەمانەت لێم وەرگرت بەڵام "ع. ق"ی بەناو هاوڕێم، ڕاپۆرتی لێداین؛ هەردوکمان بانگکراینە ساواکی سەقز، بەردەم سەرهەنگ مونشی (سەرۆکی ئیدارەکە)؛ ڕۆژنامەکانی ئەو مرۆڤە بەڕێزەیان لێ زەوت کرد و منیش بە شەرمەزاری لە بەردەم ئەو زاتە بەڕێزەدا مامەوە. وەبزانم درەنگتر، مامۆستا لە تەنیشت ماڵەکەی بۆکانیدا، کتێبفرۆشییەکی بچووک و دەزگایەکی فۆتۆ کۆپی دانابوو.

[42] پێشتر، کتێبخانەیەک لە بینایەی ڕووبەڕووی حەوزە گەورەدا پێکهات، کە ژێر زەمینەکەی مەیخانەی سەید حەمەدەمین بوو و دواتر بوو بە ئیدارەی پۆست و تێلگراف. من ساڵی کرانەوە و داخرانی ئەو شوێنە نازانم، بەڵام دەبێ لە دەیەی پەنجای هەتاوی (۷۰ی زایینی)دا بوویێت یان بە ساڵێک و دووان پێش ئەو؛ ناشزانم کێ دایینابوو.

چوار کتێبخانەی گشتیش لە شوێنی جیاجیای شارەکەدا کراونەتەوە کە بریتین لە:

1. کتێبخانەی گشتی و قەرائەتخانەی "مەستوورەی ئەردەڵان" لە پارکی میللەت، شوێنی قەبرستانی کۆنی شارەکە؛
2. کتێبخانەی گشتی "مامۆستا حەقیقی" لە خیابانی ساحیلی، زۆر و کەم شوێنی قەدیمی گۆمی سەرسەکۆ؛
3. کتێبخانەی گشتی "سەیدکامیلی ئیمامی" لە "کووی ئەندیشە"، خوارەوەی کانی باقر، لای عەلیابات؛
4. کتێبخانەی گشتی "خانەنشینانی فێرکردن و بارهێنان" (آموزش و پرورش)، پاساژی شەهرداری، شوێنی پێشووی ماتۆڕی کارەبا.

## بەشی سێهەم، کتێبفرۆشی لە بۆکان[43]

بەگشتی، دەبێ دووکانی کتێبفرۆشی دوای کرانەوەی فێرگە فەرمییەکان هاتبێتە ئاراوە.

---

[43] بە حیسابی ئەوەی یەکەم چاپخانەی ئەمڕۆیی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی پازدەهەم لە ئاڵمانیا دانراوە، ئاساییە یەکەم کتێبفرۆشییەکانیش بەشێوەیەک پەیوەندیان لەگەڵ چاپخانەدا بووبێت و هەر لە وڵاتانی ئوروپا سەریان هەڵدابێت. یەکەم کتێبفرۆشی ئوروپا لە سەدەی هەژدەهەم، لە وڵاتی پورتوقال کراوەتەوە.

بۆ مەسەلەی دەسپێک و ساڵ و مانگی ئەو دیاردەیە لە ئێران و ناوچەکە، دەگوترێ یەکەم کتێبفرۆشییەکانی ئێران لە تاران و تەورێز و شیرازی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتبێتنە ئاراوە. ئەو کتێبفرۆشییانە زیاتر کتێبی ئایینی و ئەدەبی و مێژووییان لە دەرەوەی ئێرانەوە هاوردە کردووە. بەگوێرەی سەرچاوەکانی بەردەستی من، کتێبفروشیی "مەعریفەت"ی شاری شیراز لە ساڵانی ١٨٦٥ بەدواوە ناوەندێک بوو بۆ کڕین و فرۆشتنی ئەو کتێبە فارسییانەی وا لە شاری کەلکەتە و مۆمبای (بەمبەئی) هیندوستانەوە بەڕێگای دەریادا هاوردەی ئێران کراون؛ کتێبفرۆشی "ئیسلامیە"ی تارانیش یەکەم کتێبفرۆشیی شارەکە بوبێت و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٠. هەروەها کتێبفرۆشیی "تەربیەت"ی تەورێز لە ساڵی ١٩٠٤ بەدواوە کتێبی فارسی و تورکیی چاپی ئێران و ئەستەموڵ و تفلیس و باکۆی تێدا فرۆشراوە.[44]

لە کۆمەڵگایەکی بچووکی وەک شاری بۆکان لە ساڵی کرانەوەی فێرگەی فەرمیدا (١٩٢٨) چاوەڕوان ناکرێت دووکانێکی سەربەخۆی کتێبفرۆشی هەبوبێت و

[44] http://tehranshenasi.com/1396/09/09/%DA%A9%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D9%81%D8%B1%D9%88%D8%B4%DB%8C-%D9%82%D8%AF%DB%8C%D9%85%DB%8C-%D8%AA%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%B4%D9%86%D8%A7%D8%B3%DB%8C/

http://www.bistonoh.ir/%D9%86%D9%88%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%84%DA%98%DB%8C-%DA%A9%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D9%88-%DA%A9%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D9%81%D8%B1%D9%88%D8%B4%DB%8C-%D8%AF%D8%B1-%D8%AA%D8%A8%D8%B1%DB%8C%D8%B2/

نەشبووە. بەڵام ئەو دووکانانەی وا کەرەسەی نووسین یان ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تارانیان بە خوێنەران دەفرۆشت، هاوڕێ لەگەڵ دەفتەر و کاغەز و ڕۆژنامە، هەندێک کتێبیشیان دەهێنا و دایاندەنان، کە زۆر وکەم خوێنەر و کڕیاری خۆیان هەبوو.
یەکەم کەسانێک کە کەرەسەی نووسین (نوشت افزار)یان لە بۆکان فرۆشتبێت، جوولەکەکان بوون. من سەردەمی ئەوانم بەباشی لەبیر نییە لەبەر ئەوەی کاتێ لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی (١٩٤٩)دا، بۆکانیان بەجێ هێشتووە، من چوارپێنج ساڵان بووم و بەو پێیە نازانم کامیەک لەوان بەو کاسبییەوە خەریک بوون، بەڵام درەنگترم بەباشی لەبیرە. دووکانی خەڕرازیی میرزا حەمەڕەسووڵی ئیسماعیلزادە لە ناو قەیسەریی بۆکان و زارکی گوزەری خەیاتەکان، دەفتەر و کاغەزی لێ دەفرۆشرا و منداڵە مەدرەسەیی و دایک و باوکیان شتومەکی خوێندنیان لەوێ دەکڕی دواتر کە شەقامی تازەیان لە باکوورەوە بۆ باشووری شار لێدا ("خیابان پهلوی"ی ئەودەم و "خمینی"ی ئێستا)، [45] قەیسەریی دروستکراوی سەردەمی سەردار سەیفوڵڵاخانی بابامیری (1863 - 1890) بەتەواوەتی تێکدرا و خاوەن دووکانەکان کاروباری خۆیان ڕاگواستە ناو دووکانی سەر شەقامی تازە، دووکانی میرزا حەمەڕەسووڵی ئیسماعیلزادە و میرزا عەبدوڵڵای برای،

---

[45] بەگوێرەی نامەیەک کە پەناهی، خاوەن ملکی ئەودەمی بۆکان لە ساڵی ١٣١٨ (١٩٣٩)دا بۆ بەخشداریی نووسیوە (ڕەحمان محەمەدیان، هەمان، بەرگی ١، لاپەڕە ٦٣) دەبێ دروست کردنی شەقام و ڕووخاندنی قەیسەریی سەردار، بە ماوەیەکی کەم پێش ساڵی ١٣١٨ (١٩٣٩)دا ڕوویدابێت.

ڕاگوێزرایە زارکی قەپانی قاسم ئاغا و هەمان کەسب وکار لەوێ درێژەی کێشا. من تا ماوەیەک دوای ئەوە، جگە لەوان کەسی دیکەم نەبیستبوو خەریکی فرۆشتنی کتێب و کەرەسەی نووسین بێت.

بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوان، کاکم، عومەری سوڵتانی (وەفا) لە ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ (١٩٥٣)دا، سەرەتا دووکانێکی بچووکی ڕۆژنامەفرۆشیی لەسەر هەمان شەقامی تازە کردەوە کە کەم وزۆر ڕووبەڕووی گوزەری خەیاتەکان بوو، بەڵام دوای کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣)، کەوتە زیندانەوە و دووکانەکەشی داخرا. پاش ئازاد بوون بە ماوەی دوو سێ ساڵ (لام وایە ساڵی ١٣٣٥ (١٩٥٦) بووبێت)، دووکانیکی ڕۆژنامە و کتێبفرۆشیی لە سەر هەمان شەقام و لە دووکانەکانی ماڵی حاجی محەمەدساڵحی محەمەدیدا کردەوە[46]، کە سەرەتا ناوی "مغازه روزنامه فروشی وفا" و پاشان "روزنامه و کتابفروشی وفا" و "نوشت افزار و کتابفروشی وفا"ی لەسەر دانابوو و هەر خۆیشی، کە خەتخۆش بوو، تابلۆی دووکانەکە و زۆر دووکانی دیکەی بۆکانی دەنووسی و دەیگۆڕی.

ئەوەندەی بزانم، ئەوە یەکەم دووکانی کتێبفرۆشیی بۆکان بوو و لەوێدا نوێنەرایەتی هەندێک بنکەی چاپەمەنیی تاران

---

[46] محەمەدییەکان، پاشماوەی ماڵی "خاڵە ناوە"ی پاکبانی شەهرداریيان، کە لایەکی وەبەر خیابانی تازە کەوتبوو ، کڕی و لە پەنای ئەو دووکان و باڵەخانەیەی وا حاجی بایزی ئیسماعیلی دروستی کردبوو، سێ دووکان و ئۆفیسێکی قاتی سەرەوەیان دروست کرد؛ کتێبفرۆشییەکەی کاکم لە دووکانی ناوەڕاستیاندا بوو، کە دواتر کەوتە نێوان بانکی میللی و بانکی سادراتی تازە دامەزراو.

وەک "امیر کبیر" و "گوتنبرگ" و "علمی"ی هەبوو کە کتێبیان بۆ دەنارد و کەم وزۆرێک کڕیاریشیان هەبوو. من ئەو دووکانە و کاروباریم بەباشی لەبیرەو و ڕۆژانە دوای هاتنەوە لە دەبیرستان دەچوومە یارمەتیدانی کاکم. [47] لە دووکانەکەدا کتێبی دەرسیی فێرگەکان و کەرەسەی نووسینیشی دەفرۆشت و لەڕاستیشدا دووکانەکە هەر بەوشتانەوە لەسەرپێ وەستابوو، نەک بە کتێب فرۆشتن کە کڕیارێکی ئەوتۆی نەبوو.

دواتر کاتێ لە ساڵی ١٣٣٩ (١٩٦٠)دا، کاکم بە سەربازی گیرا، دووکانەکەی بۆ کاک کەریمی سالمی بەجێهێشت.[48] دوای گەڕانەوەشی لە سەربازی، ماوەیەک بە شەریکایەتی دووکانەکەیان بەڕێوەبرد، پاشان کاکم دووکانێکی کەرەسەی ماڵ فرۆشتنی لە نزیک شوێنەکە کردەوە و کتێبفرۆشییەکەی بۆ کاک کەریم دانا.

*(بەڵگەی ژمارە ٨ لە کۆتایی وتارەکەدا، وێنەی خۆمە لەبەر دووکانی کتێبفرۆشییەکەی کاکم).*

بە چەندساڵێک دوای ئەو سەرەتایە، مەلا محەمەدی تاهیرئازەر (مەلا سەبیلە)، بانگدەری مزگەوتی بازاڕ، لە

---

[47] من بەباشی لە ڕەوتی کارەکانی ئەو دووکانەی کاکم ئاگادار بووم و هەموو کتێبکڕ و کتێبخوێنی شارەکەم دەناسی. دەکرێ بڵێم هەموو خوێندەوارێکی بۆکانی سەردانی دووکانەکەیان دەکرد.

[48] کاک کەریم و کاک قادری زربرای، منداڵی کاک حەمەساڵح بوون کە خاڵی باوکم بوو و لە مەیدانی کافرۆشەکانی بۆکان سووکە دووکانێکی بەققاڵی هەبوو. کاک قادری مەزڵووم و کاک ئەحمەدی بەهرامیی هاوکاری، ساڵی ١٣٥٩، لە لای بەنداوی میاندواو بەشێوەیەکی زۆر ناجوانمێرانە شەهید کران، کە ئێرە شوێنی باسکردنی ڕاستەقینەی ئەو جینایەتە گەورەیە نییە.

پەنای مزگەوتەکە دووکانێکی بچکۆلانەی هەبوو کە تەنیا جێگای دوو کەس دەبووەوە، هەر لەو دووکانەدا هەم مۆدنە و سەبیلەی چێدەکرد و دەیفرۆشتن، هەم دەرسی قورعانی بە منداڵان دەگوتەوە، هەم کتێبی دەفرۆشت و بە هەندێک کەسی ناسیاوی خۆی بەکرێ دەدان- تەنانەت بە نهێنی کتێبی کوردیشی دەفرۆشت! مەلا محەممەد دواتر لە بەر فرۆشتنی کتێبی کوردی کە لە باشووری کوردستانەوە دەهات، ڕاپێچی ساواکی مەهاباد کرا. بەشێک لەو کتێبە کوردییانەی وا دەگەیشتنە بۆکان، کەسانێکی خەڵکی ناوچەی گەورکایەتی نێوان سەردەشت و بۆکان دەیانهێنان، بەشێکیشیان ئەو چەرچی و قاچاخچییانە بوون وا جاروبارە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی باشوور و حزبی شیووعییان لەناودا دەبوو.

ڕووبەڕووی کتێبفرۆشییەکەی کاکم و کاک کەریمی سالمی و لەسەر هەمان شەقامی سەرەکیی بۆکان (پەهلەویی پێشوو و خومەینیی ئێستا)، دووکانێکی بچووکی کتێبفرۆشی هەبوو کە شێخ ئەحمەدی کەسنەزانی و محەمەد و عەلیی کوڕی بەڕێوەیان دەبرد و لام وایە شێخ ئەحمەد، کە پێشتر لە گوندی قەرەگوێز مامۆستای کاک سوارەی ئێلخانیزادەش بوو، هەر لەو دووکانەدا دەرسی بە هەندێک منداڵیش دەگوتەوە.

دوای هەرەسی ڕژیمی شایەتی و کرانەوەی فەزای سیاسی، لە ساڵانی ١٣٥٧ هەتا ١٣٦٠دا، کتێبخانەی منداڵان لە گەڕەکەکانی بۆکان دامەزرا، کە ئەوی گەڕەکی قوڵڵەوە یەکەمیان بوو. هەر لەو سەردەمەدا چەند پیشانگای کتێب لە بۆکان بەتایبەت لە قوتابخانەکاندا

کرانەوە کە یەکیان لە سەروحەددی شۆرشدا بوو و کەسێک ئەو کتێبانەی خۆی خستبووە بەرچاوی خەڵک وا کەسوکارەکەی لەترسی ساواک لەژێر زەویدا شاردبوویاننەوە و بەشێکیان تا ئەودەمە ڕزیبوون یاخود زیانیان پێگەیشتبوو. دیاردەی سەمەرەی کتێبەکان ئەوە بوو کە زوربەیان چیرۆک و شیعری ئاسایی فارسی بوون و تەنیا شتێک کە دەیتوانی هۆکار بێت بۆ شاردنەوەیان، دەسەڵاتی بێ سنووری ساواک بوو کە خوێندنەوەی هەموو چەشنە کتێبێکیان وەک نیشانەیەکی سەرهەڵدان و دژایەتی ڕژیمی شا لە لایەن خوێنەرەکەیەوە دەزانی!

## کتێبفرۆشییەکانی بۆکان لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ

1. کتێبفرۆشیی عومەری سوڵتانی (وەفا)، کە دواتر بوو بە کتێبفرۆشی سالمی؛
2. کتێبفرۆشیی کەریم سالمی، کاک کەریم ساڵی پار کۆچیدوایی کرد و ئێستا منداڵەکانی هەڵیدەسووڕێنن؛
3. کتێبفرۆشیی ساڵحی، خاوەنەکەی کاک بەنگین ساڵحی بوو، ئێستا کوڕەکانی بەڕێوەی دەبەن؛
4. کتێبفرۆشیی کەریمی جەوان، خاوەنەکەی مەلا نجم الدین کەریمی جەوان بوو، ئێستا کوڕەکانی هەڵیدەسووڕێنن؛
5. کتێبفرۆشیی حسێنپوور، خاوەنەکەی کاک شێخەی دەوافرۆشی پێشوو بوو، ئێستا کوڕەکانی هەڵیدەسووڕێنن؛

6. کتێبفرۆشیی موکریان، خاوەنەکەی کاک ڕەحمان حسێن زادەیە؛
7. کتێبفرۆشیی مانگ، لقی بنکەی "چاپەمەنی مانگ"ی بانەیە، خاتوو سووسەن ئیسماعیلی نیژاد بەڕێوەی دەبات.

پێشتر دوو کتێبفرۆشیی دیکەش هەبوون کە ئێستا داخراون:

1. کتێبفرۆشتی ساماڵ، خاوەنەکەی کاک محەمەد ئەحمەدی شاعیر بوو؛
2. کتێبفرۆشتی مانا، خاوەنەکەی کاک ڕەحیم عەبدوررەحیمزادە بوو و کتێبی دەستی دووشی دەفرۆشت.

## بەشی چوارەم، چاپخانە

بەداخەوە ئەو مێژووە لە کوردستان هەر بەگشتی هاسان نییە بزانرێت یەکەم چاپخانە لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا کەی و لەکوێ بنیات نراوە و کێ دانەری بووە. ئەوەی ڕوونە، ئەوڕاستییەیە کە شوێنی سەرهەڵدانی ئەو دوو دیاردەیە، شار و بەتایبەت شارە گەورەکان بووبێت. بەڵام بێگومان، یەکەمەکان دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. دیارە کوردیش وەک گەلانی دیکەی ئەو وڵاتانە و هاوڕێ لەگەڵ ئەوان، لە ناو شاری گەورەی وەک ئەستەموڵ و بەغدا و دیمەشق و حەڵەب و تاران، لە بواری چاپ و کڕین و فرۆشتنی کتێبدا هەڵسووڕاویی خۆی هەبووە، بۆ نموونە،

- ڕۆژنامەی کوردستانی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە چاپ و بڵاوکراوەتەوە؛

- ڕۆژنامەی هەتاوی کورد و ڕۆژی کوردی ساڵی ١٩١٤ لە ئەستەموڵ چاپ کراون و نەک هەر لە باشووری کوردستان، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتیش خوێنراونەتەوە؛
- هەر لەو ساڵانەدا فەرەجوڵڵا زەکیی مەریوانی "مطبعەی کوردستان"ی لە قاهیرە داناوە و کتێبی شەرەفنامەی فارسی و تەرجەمەی عەرەبی محەمەد عەلی عەونی لەوێدا چاپ کردووە؛[49]
- لە درێژەی کاری ئەواندا ئێمە ڕووناکبیرانی کورد وەک حاجی تەوفیقی پیرەمێردمان هەیە لە ئەستەمولی دەوروبەری ساڵی ١٩٠٥ و سلێمانی ساڵی ١٩٢٥؛
- هەروەها کەسانی وەک حوزنی موکریانی و گیوی موکریانیمان هەیە کە بنەچەکیان لە گوندی "شقۆیف" و "بوغدەکەندی"ی نێوان سەقز و بۆکان

---

[49] پڕوانە، نامەی حەمەحوسەینخانی بابامیری (سەردار موکری) بۆ ڕۆژنامەی هەتاو کە لە ژمارە ٣ی ڕۆژنامەکە (ساڵی ١٩١٤)دا بڵاوکراوەتەوە. سەردار لە نامەکەیدا دەنووسێ: "چاوم بە ڕۆژنامەی هەتاو کەوت، وابزانە کە هەموو دنیایان دا بە من.... خواهیش و تەمەننا... دەکەم هەموو مانگان ڕۆژنامەی هەتاوی کورد و ڕۆژی کورد[م بۆ] ڕەوانە بکەن." وەرگیراو لە کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٩١٦-١٩١٨" بەرگی یەکەم، نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاپی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠١، لاپەڕە ١٥٠. جێگەی ئاماژەیە کە بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو نامەیە و لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کاتێ سوپای عوسمانی چووە ناو ئێران و گەیشتە مەهاباد، سەرداریان گرت و بردیانە شاری مەراغە و لەوێ لەگەڵ سەیفوڵڵاخانی ئەردەڵان حاکمی سەقز ئیعدامیان کرد.

و سەردەشت بووە [50] ، یەکەم چاپخانەیان لە حەڵەبەوە هێناوەتە باشووری کوردستان، نووسین و چاپکردن و فرۆشتنی کتێبیان لە حەڵەبی ساڵی ١٩١٥ دەست پێکردووە و خەباتی فەرهەنگیی خۆیان لە ڕواندزی ساڵی ١٩٢٥ و هەولێری ساڵی ١٩٣٤ درێژە پێداوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

- شاری کرماشان لە ساڵی ١٨٧١دا، چاپخانەی "شرافت احمدی"ی لێ دامەزراوە و "روزنامە کرمانشاە"ی پێ چاپکراوە؛
- شاری سنە دەگوترێ دوای ساڵانی دەوروبەری ١٨٧٠ خاوەنی دووکانی کتێبفرۆشیی و لە ساڵی ١٩٢٩دا، خاوەنی چاپخانە بووە؛
- شاری ورمێ لایکەم ساڵی ١٩٠١خاوەنی کتێبفرۆشی و چاپخانە بووە؛
- یەکەم چاپخانە لە مەهاباد، وەک گەورەشاری موکریان، لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)دا، دانراوە و سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی بەدەست حزبی دێموکراتی کوردستانەوە بووە، هەمڕۆژنامە و هەم گۆڤاری "کوردستان" لەو شوێنەدا چاپ کراوە. بەڵام بەهەرەسهێنانی کۆمار، ئەویش وەک ئیزگەی ڕادیۆی کوردستان، کەوتۆتە دەست سوپا و دەوڵەتی ناوەندیی ئێران و بەئەگەری زۆر

---

[50] مامۆستا هەژار دەڵێ: "حوزنی لە سەیدەکانی بنچکە و شقۆیف" بوو، بڕوانە "شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی- هەژار کردوویە بە کوردی"، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٣لاپەڕە چل وحەوت.

ڕاگوێزراوەتە شارەکانی دیکەی ئێران. سێ ساڵێک دوای ئەو ڕووداوە، نەمر میرزا خەلیلی موەفەقی لە ساڵی ١٩٤٩دا، یەکەم چاپخانەی غەیرە حزبی و غەیرە دەوڵەتیی داناوە؛ هەرئەویش یەکدوو ساڵ پێشتر یەکەم دووکانی کتێبفرۆشیی لە مەهابادی دوای ساڵی ١٩٤٦ بنیات نابوو.

## بنکەی چاپەمەنی و چاپخانە لە بۆکان-

1. چاپخانەی هەڵاڵە وەک یەکەمین چاپخانەی بۆکان، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا (ساڵی ١٣٢٤ و ٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦ز)) لە بۆکان دامەزرا. چاپخانەکە پێشتر لە مەهاباد کاری کردبوو و کاتێ کە سۆڤیەتییەکان چاپخانەیەکی نوێی دروستکراوی چێکوسلۆڤاکییان خەڵاتی کۆمار کرد و لە مەهاباد دایانمەزراند، پێشەوا قازی محەمەد چاپخانەکەی پێشووی مەهابادی ناردە بۆکان کە شاری دووهەمی کۆمار بوو. بەرپرسی چاپخانەکە مامۆستا حەسەنی قزڵجی بوو و مامۆستا هەژاریش کە ئەودەم ماڵی لە گوندی شەرەفکەندەوە هاتبووە بۆکان، هاوکاریی ئەوی

دەکرد.[51] دوابەدوای هاتنەوەی هێزی دەوڵەت بۆ شارەکە، چاپخانەکە ڕاپێچ کرا و سوپای ئێرانی لەگەڵ خۆیان بردیان. ئەوان نەیاندەویست کورد نینۆکی هەبێ پشتی خۆی پێ بخورێنێ، دەنا دەکرا دامودەزگای ڕادیۆی مەهاباد و ئەو دوو چاپخانەیە لە ناوچەکەدا بهێڵنەوە و لە بەرژەوەندیی خۆیاندا کەڵکی لێوەربگرن. دوور نییە هۆکارێکی مەسەلەکە ترس لە بۆژانەوە و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی کورد بووبێت. دوای ئەو چاپخانەیە، لە هەموو سالانی حکوومەتی پەهلەویدا هیچ چاپخانەیەک لە بۆکان نەما[52] و ساڵانێکی زۆری پێچوو تا ئەم چاپخانانە لەوێدا بکرێنەوە:

---

[51] بەداخەوە ئاگاداری ناوی کرێکارانی چاپخانەکە نیم و نازانم کێ بوون.

[52] ئیتر بڵاڤۆک و کتێب و شتی تر لە سەقز و مەهاباد و تەورێز چاپ دەکران، یەکەم کتێبێکی ناوچەی بۆکان بە زمانی کوردی کە دوور لە دەسەڵات چاپ کرابێ کتێبێکی شیعری کاک سەلاح سۆران بوو، کە لە تەورێز چاپ کرا. کتێبی "چریکەی کوردستان"ی حەسەن زیرەکیش لە کۆتاییەکانی دەیەی چل و سەرەتای ٥٠ی هەتاوی لە تاران چاپ کرا. جگە لە چاپخانە، دەزگای پۆلیکۆپی لە دووسێ دەیەی پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران، لە هەموو شارەکانی کوردستاندا دەورێکی گرنگی ڕاگەیاندنی دەگێڕا. لە دەبیرستان و ئاموزش و پەروەرشی بۆکانیش دەزگای پۆلیکۆپی هەبوو کە لەوڕێگایەوە هەندێک شت چاپ دەکران، مامۆستا برایمی فەڕشی لە دەبیرستانی کۆرشی کەبیر بەرپرسی کاری پۆلیکۆپی و سەرجەم دەزگاکانی تایپ و ئۆفسێت بوو، کە زۆرتر بۆ بەشی دەبیرستانی "خدمات" بەکار دەهێندران. لە دەرەوەی مەدرەسەکان لە ناو شار، دەزگاکانی کۆپی هەڵگرتنی کاکیشم لە دووکانی خۆی و لە سەرتاشخانەی بەرانبەر دووکانەکەیدا سووکە دەورێکی چاپ و بڵاوکردنەوەیان دەگێڕا.

2. چاپی ئۆفسێتی ئەندیشە، لیتۆگرافی کاک سمایلی تورابی؛
3. چاپخانەی کاک ڕەحمان نەججاڕی کوڕی حاجی مستەفا نەججاڕی لە شوێنی ئاسن فرۆشتنەکەی نزیک ماڵی خۆیان؛
4. چاپخانەی کاک ئیحسان فاڕووقی لە پەنای بانکی میللی لە خانووەکەی جارانی میرزا عەبدوڵڵای بەهرامیدا؛
5. پێشتر چاپخانەیەکیش بەشێوازی قەدیمی "مەلەخی" هەبوو کە ئێستا نەماوە.
6. جیا لەوانە نزیکەی ١٥ دەزگای چاپ و کۆپیهەڵگرتن لە شوێنی جیاجیای شارەکە هەن کە:

- ✓ یەکیان هی کاک حیسامی کوڕی کاک جەعفەری حیسامییە لە شەهرەکی سەنعەتی؛
- ✓ یەکی دیکەیان هی کاک کامران بایەزیدی کوڕی کاک ڕەحمان بایەزیدییە؛ و
- ✓ ئەویدیکەیان چاپی مەولانییە، کە هی کاک هێمنی کوڕی کاک ئەحمەدی مەولانیی شاعیرە.

## بنکەکانی چاپی کتێب و ڕۆژنامە لە ئەمڕۆی بۆکاندا

1. چاپخانەی هەڵاڵە، کە پێشتر باسی لێوەکرا، لە عەینی کاتدا بنکەیەک بوو بۆ چاپی کتێب و چاپەمەنی دەورەیی. هەرسێ ژمارەکەی گۆڤاری هەڵاڵەی ئەو سەردەمە لەوێ چاپکراوە و ئەوەندەی بزانم دیوانی قانعیشیان بۆ یەکەم جار هەر لەوێ چاپ کردووە، جیا لەو، یەکەم و دووەم چاپی شیعری دوور ودرێژی "سلسلەی مەشایەخی نەقشبەندی"ی مامۆستا هەژاریش لەوێ چاپ کرا؛
2. "انتشارات نارین"، خاوەنەکەی خاتوو فەوزیەی قورەیشی کچی سەید عەلی قورەیشییە؛


3. "انتشارات زانکۆ"، هی بنەماڵەی کەریمی جەوانە؛
4. "انتشارات ئاژوان"، خاوەنەکەی کوڕی شێخەی دەوافرۆشە؛
5. "انتشارات کازیوە"؛
6. "انتشارات پەخشان"، خاوەنەکەی کاک ئەسعەد عەزیزبەگییە؛
7. "انتشارات دانشگاه آزاد بوکان".

---

## بەڵگەکان:

زانیاریی سەبارەت بە سەرۆکانی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان و مەهاباد لە ژێر بەڵگەنامەکانی خوارەوەم لە دوو سەرچاوە وەرگرتووە:

- ڕەحمان محەمەدیان، پێشتر، بەرگی ٢، لاپەڕە ٩٨.
- سید محمد صمدی، پێشتر، لاپەڕە ٤٠٤.




**بەڵگەی ژمارە ١**

ئەم نامەیە ڕۆژی ١٣٢٧/١٢/١٨ (١٩٤٩) لە لایەن سولەیمان خانی ئەمیری سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکانەوە نێردراوەتە ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد. ڕێزدار ئەمیری خەڵکی مەهاباد و لە نێوان ساڵانی ١٣٢٦ تا ٣١ (١٩٤٧ تا ٥٢) سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان بوو. نامەکە دەریدەخات کە عەبدوڵڵا ئاغای ئێلخانیزادە و قاسم ئاغای ئێلخانیزادە (موهتەدی دواتر)، بینایەی قەڵای بۆکانیان بۆ هەمیشە پێشکەش بە ئیدارەی فەرهەنگ کردووە و ژمارەیەک لە ئاغاواتی دەوروبەری شاریش وە ئەستۆیان گرتووە بۆ چاککردنەوەی بینایەی قەڵاکە، یارمەتی ئیدارەی فەرهەنگ بدەن.



بسمه تعالی

جمهوری اسلامی ایران
وزارت آموزش و پرورش
اداره کل آموزش و پرورش آذربایجان غربی
اداره آموزش و پرورش شهرستان بوکان

شماره ..........
تاریخ ..........
پیوست ..........

۷۳/۳/۱۲ـ۸۲۲۲/۵

هر اصلاحی نقطه اولش خودانسان است ۰ امام خمینی (ره)


اداره کل آموزش وپرورش استان آذربایجانغربی (امورحقوقی)

باسلام احتراما" بپیوست ۵فقره فتوکپی مدارك مربوط بساختمان مدرسه قلعه سردار با مساحت ۴۶۰۰ مترمربع عرصه وحدود ۱۱۰۰ متراعیانی که تخریب شده وازتاریخ اول مهرماه ۱۳۶۰ به تصرف سپاه پاسداران انقلاب اسلامی بوکان درآمده وتاکنون تخلیه نشده ایست تقدیم ضمنا" درمورد ساختمان دبستان روستای شهریکند بهاستحضار میرساند کساختمان از سال ۶۲ به تصرف پایگاه نیروهای ژاندارمری درآمده ودرسال ۶۶ وسیله اهالی روستا و بخشداری ونیروهای ژاندارمری یك باب ساختمان ۳ اطاقه درجوار ساختمان مدرسه بصورت همیاری ساخته شد واکنون مورد استفاده مدرسهابتدایی روستاقرار دارد وطی شماره ـــ ۱۲۱۵۱۱/۶۲۹۲ـ۷۰/۷/۱۶ فرماندهی محترم سپاه پاسداران بوکان اعلام نموده درصورت تمایل این‌اداره حاضر به جابجای میباشد مراتب جهت اقدامات لازم ارسال میگردد۰ك

رئیس اداره آموزش وپرورش شهرستان بوکان ـ کاظم‌بخت

## ژماره ٢

ئەم نامە ئیدارییە لە ١٣٧٣/٣/١٣ (١٩٩٨)، سەرۆکی ئەودەمی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان بۆ ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی ورمێی نووسیوە و باسی قەڵای بۆکانی کردووە کە سوپای پاسدارانی شارەکە لە ڕۆژی ١٣٦٠/٧/١ (١٩٨١)ەوە "تصرف"ی کردووە و تا ئەو دەمە چۆڵی نەکردووە. هەروەها ژاندارمری فێرگەی گوندی شاریکەندی "تصرف" کردووە، بەناچار خەڵکەکە خۆیان بینایەیەکیان بە ٣ ژوورەوە دروست کردووە کە منداڵەکانیان بتوانن تێیدا وانە بخوێنن! ڕێزدار محەمەد حەسەن کازمدوخت خەلکی شاری ئەهەری ئازەربایجان و لە نێوان ساڵانی ١٣٧١ و ٧٤دا سەرۆکی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنانی بۆکان بووە.



وزارت فرهنگ

اداره فرهنگ شهرستان مهاباد

دایره
شماره
تاریخ


اداره کل کارگزینی - وزارت فرهنگ

رئیس فرهنگ شهرستان مهاباد - خامسی

رئیس فرهنگ شهرستان مهاباد - خامسی

## ژماره ٣

ئەم نامەیە ڕۆژی ١٣٣٠/١٢/١١ (١٩٥٢)ی لە ئیدارەی فەرهەنگی مەهابادەوە نێردراوە بۆ وەزارەتی فەرهەنگی ئێران و پێشینەی کار و خزمەتەکانی مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی تێدا خستۆتە بەرچاو و داوای ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە کراوە وا هۆکار بووە بۆ نەچوونەسەرێی ڕوتبەی ئیداریی مامۆستا. ڕێزدار سولەیمان خامیسی کە نامەکەی ئیمزا کردووە، لە نێوان ساڵانی ١٣٣٠ تا ٣٣ (١٩٥١ تا ٥٤) سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بووە.


شماره
تاریخ
دایره
شعبه

وزارت فرهنگ
اداره فرهنگ شهرستان مهاباد

ریاست اداره کل کارگزینی – وزارت فرهنگ

محترماً باستحضار میرساند که [illegible] آقای حسن کاظمی [illegible] آموزگار
دبستانهای بوکان [illegible] سال میباشد [illegible]

نام – حسن
نام خانوادگی کاظمی
نام پدر محمد
تاریخ تولد ۱۲۷۵ / / ۳۱
شماره شناسنامه ۵۶۵۳
شماره پرونده کارگزینی ۲۰۲م
شماره بازنشستگی ۱۹۹۶
تاریخ ورود بخدمت ۱۳۰۸ / ۶ / ۱۵
محل خدمت بوکان
شغل آموزگار
تاریخ اجرای پایه [illegible]
حقوق [illegible] ۷۲۸۷ ریال
تاریخ [illegible]

ورود بدفتر فرهنگ شماره ۱۷۹۷ تاریخ ۲۷/۶/۲۹


[illegible]

رئیس فرهنگ شهرستان مهاباد – سیف اللهی

رونوشت جهت اطلاع آقای [illegible] به فرهنگ بوکان ارسال میشود
رئیس فرهنگ شهرستان مهاباد – سیف اللهی

## <u>ژماره ٤</u>

نامەی سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی مەهابادە بۆ وەزارەتی فەرهەنگ لەتاران سەبارەت بە پێشینەی کار و خزمەتەکانی مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی، کۆپییەکەشی نێردراوە بۆ بۆکان وڕێزدار محەمەدی مەولایی سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی ئەودەمی بۆکان لە ڕۆژی ١٣٢٧/٦/٢٩ (١٩٤٨)دا ناردوویە بۆ مامۆستا، مەولایی لە نێوان ساڵانی ١٣٣٦ تا ١٣٣٩ (١٩٥٧ تا ٦٠) سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان بوو. هەروەها ڕێزدار ؟ سیف اللهی کە نامەکەی بۆ وەزاڕەتی فەرهەنگ ناردووە و کۆپییەکیشی ناردۆتە بۆکان، لە نێوان ساڵانی ١٣٤٣ و ٤٤ (١٩٦٥)دا بۆ ماوەی ساڵێک سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بووە.



ژماره ٥

نامەی ڕۆژی ١٣٣٣٢/٢/٣٠ (١٩٥٣)ی مامۆستا عەبدوڵڵابەگی ئەیووبزادەیە بۆ وەزارەتی فەرهەنگی ئێران سەبارەت بە ١٢ ساڵ و ٦ مانگ خزمەتی خۆی لە ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان و دواکەوتنی "ڕتبە استحقاقی"ی خۆی. عەبدوڵڵابەگ یادی بەخێر بێت، گەلێک خۆشخەت بوو و دەرسی "خەت"ی بە ئێمە دەگوتەوە. نامەکە ڕێزدار محەمەدی دەربەندی سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی ئەودەمی بۆکان ناردوویەتی بۆ تاران. دەربەندی ئازەربایجانی و خەڵکی میاندواو بوو، لە نێوان ساڵانی ١٣٣٢ تا ١٣٣٥ (١٩٥٣ تا ٥٦)دا سەرۆکایەتی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکانی دەکرد.




طرف راست شیخ حسن کاظمی بالباس کردی ، بانو مصری معلم ، حسن مدرسی مدیر ، عبداله فیضی معلم ، ایستادگان از راست معلم پیرمرد میرهٔ دربانی ، مستخـــدم عبداله ایوبی ، معلم عمر شفیعی ، معلم صدیق قزلجی ، صدیق پایه‌گذار .


**ژماره ٦**

وێنەی بەشێک لە بناغەدانەرانی خوێندن و پەروەردەی فەرمی لە بۆکان:

دانیشتووان لە ڕاستەوە: ١. نەناسراو (دەبێ مامۆستای فێرگەی بۆکان بووبێت) ٢. شێخ حەسەنی کازمی (مامۆستا) ٣. میسری خانم حەسەن زادە (مامۆستا) ٤. حەسەن مودەڕریسی (سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان) ٥. عەبدوڵڵا فەیزی (مامۆستا)

ڕیزی پشتەوە لە ڕاستەوە: ١. نەناسراو (دەبێ مامۆستا بووبێت) ٢. مام میرەی دەربانی (خزمەتگوزاری مەدرەسە) ٣. عەبدوڵڵابەگی ئەیووب زادە (مامۆستا) ٤. عومەر شەفیعی (مامۆستا) ٥. سدیق قزڵجی (مامۆستا).

وێنەکە دەبێ لە ساڵی ١٣٢٤ یان ٢٥ (١٩٤٦)دا لە شوێنێکی وەک حەوشی قوتابخانەی کوڕانی بۆکان لە قەڵای سەردار گیرابێت، لەبەر ئەوەی ڕێزدار حەسەنی مودەڕریسی تەنیا لەو دوو ساڵەدا لە بۆکان بووە و دوای هەرەسی کۆماری کوردستان لەوێ نەماوە. مەلا سدیقی قزڵجیش هاوڕێ لەگەڵ مەرحوومی قازی کاکە حەمەی قزڵجی، دوای هەرەسی کۆمارلە بۆکان ڕۆیشتن و چەند ساڵێک لە گوندی سیتەکی سلێمانی، لەماڵی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی حەفید مانەوە. دوور نییە یەک لەو دوو مامۆستا نەناسراوانەی دەستەڕاستی وێنەکە، میرزا حوسەینی کەریمی، برای حاجی قاسمی کەریمی بێت، کە ئەویش لەو ساڵانەدا مامۆستای قوتابخانەی بۆکان بوو. من خۆم پۆلی 'تهیە' (ی پێش پۆلی یەکەم) م لای ئەو بەڕێزە خوێندووە.(دواتر ناوی 'تهیە' گۆڕا و بوو بە 'ئامادەگی')



شماره ۲۸۲۷/۱

پیوست

وزارت آموزش و پرورش
اداره کل آموزش و پرورش آذربایجان غربی
اداره آموزش و پرورش منطقه بوکان

ریاست محترم دادگاه بخش مستقل بوکان

احتراماً " قطعه زمینی بمساحت ۳۳۳/ مترمربع واقع در ضلع غربی خیابان پهلوی سابق روبروی چشمه
ـر که در تاریخ ۴۶/۲/۱۰ از طرف آقای حاج رحمان مهتدی به اداره آموزش وپرورش طبق اعتراف
امه که فتوکپی آن بضمیمه تقدیم است اهدا گردیده ونقشه ساختمانی آن نیز تهیه ود ردسترس میباشد
به سبب نبودن اعتبار تاکنون عملیات ساختمانی آن شروع نشده ولیکن درجریان یک ماهه اخیر وسیله
نفر باسامی ... ود رجریان چند سال گذشته سه نفر بنام آقایان ... تصرف
ـم اکنون درآنجا دکه دایر کرده اند که به سبب نبودن رئیس دادگاه وجانشین درراس دادگاه بوکان مراتب
وقع طی شماره ۵۳۶/۱ ـ ۵۸/۱/۱۹ به شورای انقلاب بوکان گزارش شده ولی متاسفانه درایـن
ـورد بخصوص اقدام موثری بعمل نیاورده اند خواهشمند است باتوجه باینکه زمین مورد نظر
ـلق به آموزش وپرورش ود رجهت هدفهای عام المنفعه مورد استفاده قرار خواهد گرفت
ـرتیبی فراهم فرمایند به نحو ممکن از اشتغال کنندگان زمین فوق الذکر ممانعت بعمل آورند
ـه در آینده موجبات گرفتاری فراهم نشود مضافا " باینکه فتوکپی طرح ساختمان کتابخانه ونامه
ـماره ۵۳۶/۱ ـ ۵۸/۱/۱۹ خطاب به ریاست انقلاب بوکان ضمیمه میباشد ۰

پناهی
رئیس اداره آموزش وپرورش منطقه بوکان

<u>ژماره ٧</u>

ئەم نامەیە ڕۆژی ١٣٥٨/٢/١٩(١٩٧٩) کاک محەمەد ڕەسووڵ پەناهی سەرۆکی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی بۆکان بۆ دادگای بۆکانی ناردووە سەبارەت بە چەند کەسی خەڵکی بۆکان کە لە زەوییەکدا دووکانیان کردۆتەوە. ئەو زەوییە هەمان ئەوەیە وا حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی پێشکەش بە ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی بۆکان کردبوو بۆئەوەی کتێبخانەی گشتی تێدا بنیات بنرێت و هەر نەبوو! ڕێزدار پەناهی خەڵکی سەردەشت و لە نێوان ساڵانی ١٣٥٦ و ٥٨ (١٩٧٧ و ٨٠)دا سەرۆکی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی بۆکان بوو.




ژماره ٨

ئەوەش جەنابی خۆمم لەبەردەم دووکانی رۆژنامە و کتێبفرۆشیی کاکم لە بۆکان، وەک بەڵگەیەک بۆ یەکەم کتێبفرۆشیی سەربەخۆی شارەکە. ساڵەکەی دەبێ ١٣٣٧ یان ٣٨ (١٩٥٩) بێت.